کڕین فرۆشتن لەشەریعەتی ئیسلامدا

نووسینی دکتۆر عبدالعظیم

وەرگێڕانی محمود

کتێبخانەی مسلم

کڕین فرۆشتن لەشەریعەتی ئیسلامدا

نووسینی دکتۆر عبدالعظیم

وەرگێڕانی محمود

کتێبخانەی مسلم

وشەی (ألبیوع) کۆی (بیع) بۆیەش جەمع کراوەتەوە چونکە جۆراو جۆرە.

(بَیع): کە بەمانا فرۆشتنە، گواستنەوەی مڵكو سامانە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر لەبەرامبەر پارەو بەهادا. (شراء) قبوڵکردنی ئەو گواستنەوەیە... هەریەك لە وشەی (بیع) و (شراء) لەشوێنی یەکتر بەکاردەهێندرێن.

مامەڵەو کڕینو فرۆشتن ڕەوایە، ئاماژە بە ئایەتی {وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا – البقرة/٢٧٥}: خودا بەیعو مامەڵەی حەڵاڵ کردووەو ریبای حەرام کردوە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ – النساء/٢٩} ئەی خاوەن باوەڕان، ئەی خودا ناسان؛ ماڵو سامانی یەکتری بە ناڕەواو بێ جێ مەخۆن، مەگەر لەڕێگەی مامەڵەو کڕینو فرۆشتنەوەو بە ڕەزامەندی خۆتان کڕینو فرۆشتن بکەن.

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا».[1] فرۆشیارو کڕیار خیاریان بۆ هەیە دەتوانن ژێوان ببنەوە لەدوای سەوداو مامەڵەکەیانو هەڵیبوەشێننەوە بەمەرجێ هێشتا لێك جیانەبوبنەوەو هەر لە مەجلیسی

---

[1] متفق علیه، خ(٢١١٠/٣٢٨/٩)، م(١٥٣٢/١١٦٤/٣)، د(٣٤٤٢/٣٣٠/٩)، ت(١٢٦٤/٣٥٩/٢)، ن(٢٤٤/٧).

بەیعەکەدا مابنەوە. بەمە دەگوترێ (خیار المجلس) موسوڵمانانیش کۆڕایان هەیە لەسەر رەوایی‌و حەڵاڵی کڕین‌و فرۆشتن... حیکمەت‌و تێفکرینی عاقڵمەندانیش وای دەبینن کە سەوداو مامەڵە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستەو کۆمەڵگا بەبێ هەبوونی ئەم دیاردەیە ژیانی بۆ بەرێوە ناچێ‌و مرۆڤ ناتوانێ پێداویستی ژیانی خۆی‌و خێزانی وەکوو پێویست دابین بکا.

چونکە زۆرجار ئاتاجی مرۆڤ دەکەوێتە شتێك کە لەدەستی کەسانی تردایە، ئەو کەسانەش لەوانەیە بەخۆڕایی ئەو پێداویستییەی رادەست نەکەن‌و پێی نەبەخشن، کەوابوو رێگا چارە بۆ گەیشتن بەو شتەی مرۆڤ پێویستییەتی کڕین‌و فرۆشتنە، تەشریعکردنی سەوداو مامەڵە هۆکارێکی سروشتییە بۆئەوەی مرۆڤ پێداویستی خۆی دابین بکا بەبێ لەرودامان‌و حەرەج.

لە (المقدام)ەوە (رەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَا أَكَلَ أَحَدٌ طَعَامًا قَطُّ خَيْرًا مِنْ أَنْ يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ ، وَإِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ دَاوُدَ – عَلَيْهِ السَّلَامُ – كَانَ يَأْكُلُ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ».[1] کەس خواردەمەنییەکی پاك‌و خاوێنی نەخواردووە لەوەی: کە بەدەستی خۆی بەرهەمی دێنێ، بێگومان داود پێغەمبەریش لە کاسبی‌و داهاتی دەستی خۆی بژیوی خۆی دابین دەکرد.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لأَنْ يَحْتَطِبَ أَحَدُكُمْ حُزْمَةً عَلَى ظَهْرِهِ خَيْرٌ مِنْ أَنْ يَسْأَلَ أَحَدًا ، فَيُعْطِيَهُ أَوْ يَمْنَعَهُ»[2]: ئەگەر یەکێك لە ئێوە بەکۆڵ داربێنێ لە کەژو بیفرۆشێ باشترە لەوە دەست لە خەڵکی پان بکاتەوە جا بیدەنێ یان نەیدەنێ.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٥٥٤٦) ، خ(٢٠٧٢/٣٠٣/٤).

[2] صحيح: (ص.ج/٧٠٦٩) ، خ(٢٠٧٤/٣٠٣/٤)، ت(٦٧٥/٩٤/٢)، ن(٥/٩٦).

دەوڵەمەندی چ خراپیەكی تێدانیە بۆ كەسێك لەخودا ترس بێ

لـە موعـازی كـوڕی عەبـدوڵڵای كـوڕی خوبەیبـەوە لەباوكییـەوە لـە مامیــەوە ڕیوایــەتكراوە، دەڵــێ: پێغەمبــەر (دروودی خــودای لەســەر بــێ) فـەرمووی: «لاَ بَأْسَ بِالْغِنَى لِمَنِ اتَّقَى وَالصِّحَّةُ لِمَنِ اتَّقَى خَيْـرٌ مِـنَ الْغِنَـى وَطِيـبُ الـنَّفْسِ مِـنَ الـنِّعَمِ».[1] دەوڵەمەنـدیو سـامانداری چ خراپیـەكی تێدانیـە بـۆ كەسێك تەقواكاربێ لەشساغیش بۆ تـەقواكار لـە دەوڵەمەنـدی باشـترە دەروون پاكی جۆرێكە لە نیعمەتەكانی خودا.

هەڵنان بۆ بەرهەمهێنانو كاسبی كردن بۆ دابینكردنی بژێو

لە جابیری كوڕی عەبـدوڵڵاوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا اللَّهَ وَأَجْمِلُـوا فِـي الطَّلَـبِ فَـإِنَّ نَفْسًا لَنْ تَمُوتَ حَتَّى تَسْتَوْفِيَ رِزْقَهَا وَإِنْ أَبْطَأَ عَنْهَا فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَجْمِلُوا فِـي الطَّلَـبِ خُذُوا مَا حَلَّ وَدَعُوا مَا حَرُمَ»[2]: ئەی خەڵكینە! لـەخودا بترسـن، تـەقوای خـودا بكەن، بەشێوەی ڕێكو پێك هەوڵی دابینـكردنی ژیان بدەن، هەر داواكاریەكتان بوو بەجوانی دەری ببڕن، دڵنیابن هیچ كەسێك نامرێ هەتا ڕزقو ڕۆژی خۆی تەواونـەكا، هەرچـەندە هەنـدێ جـار بەسـستیو كـەمو كـوڕی دەسـتی بكـەوێ، تەقوای خودا بكەنو بەجوانی داوای شت بكـەن، لەڕێگـەی ڕەواو شـەرعییەوە هەوڵی دابینـكردنی بژێوبدەن، حەڵاڵ وەربگرنو واز لە حەرام بێنن.

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٧٤١) ، جة(٢/٧٢٤/٢١٤١).

[2] صحيح: (ص.جة/١٧٤٣) ، جة(٢/٧٢٥/٢١٤٤).

هەڵنان بۆ ڕاستگۆییو هەڕەشەکردن لە درۆزنی

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا – أَوْ قَالَ حَتَّى يَتَفَرَّقَا – فَإِنْ صَدَقَا وَبَيَّنَا بُورِكَ لَهُمَا فِي بَيْعِهِمَا ، وَإِنْ كَتَمَا وَكَذَبَا مُحِقَتْ بَرَكَةُ بَيْعِهِمَا». [1] فرۆشیارو کڕیار مافی ژێوان بوونەوەیان هەیە، بەمەرجێ دوای مامەڵەکردنەکە لەیەکتر جیانەبووبنەوە، جا ئەگەر لە مامەڵە کردنەکەیاندا ڕاستگۆ بوونو عەیبو خەوشی کاڵاکەیان نەشاردەوە بەرەکەت دەکەوێتە مامەڵەکەیانەوە، ئەگەر وانەبوونو عەیبو خەوشی کاڵاکەیان شاردەوە درۆو دەلەسەیان تێداکرد بەرەکەتو گەشەی مامەڵەکەیان پوچ دەبێتەوەو خێرو خۆشی لێ نابینن.

لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ وَلاَ يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ بَاعَ مِنْ أَخِيهِ بَيْعًا فِيهِ عَيْبٌ إِلاَّ بَيَّنَهُ لَهُ». [2]؛ موسوڵمان برای موسوڵمانە، حەڵاڵ نیە بۆ موسوڵمان کاڵایەك بەبرای موسوڵمانی بفرۆشێو عەیبێکی تێدابێ پێی نەڵێو وەکوو پێویست بۆی ڕون نەکاتەوە.

هەڵنان بۆ ئاسانکاریو لێبوردەیی لە مامەڵەو کڕینو فرۆشتندا

لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «رَحِمَ اللَّهُ رَجُلاً سَمْحًا إِذَا بَاعَ، وَإِذَا اشْتَرَى،

---

[1] لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.ج/٦٧٠٥) ، جة(٢٢٤٦/٢/٧٥٥).

وَإِذَا اقْتَـضَى»[1]: رەحمـەتی خـودا لـەپیاوێك لێبوردەبـێ لـەكاتی فرۆشـتندا، لەكاتی كڕیندا، لەكاتی داواكردنو بڕیاردانددا.

مۆڵەتدانی نەبوو تا سەرخۆی دەكەوێتەوەو تەنگژەی نامێنێ

له ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتكراوە: كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «كَانَ تَاجِرٌ يُدَايِنُ النَّاسَ، فَإِذَا رَأَى مُعْسِرًا قَالَ لِفِتْيَانِهِ تَجَـاوَزُوا عَنْهُ، لَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يَتَجَاوَزَ عَنَّا، فَتَجَاوَزَ اللَّهُ عَنْهُ».[2] بازرگانێك هەبوو قەرزی دەدا بە خەڵك، جا ئەگەر بیزانیایە یەكێك لە قەرزدارەكانی نەبووە بە پیاوەكانی خـۆی دەگـوت: لـە قەرزەكـەی خۆشـبنو بیكوژێننـەوە، بـەڵكوو خـودا لێمـان خۆشبێ، لەپاداشی ئەوەدا خودا لە تاوانەكانی خۆش بوو.

نەهیكردن لەغەش

لـە ئـەبو هـورەیرەوە ڕیوایـەتكراوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) بـەلای پیاوێكـدا تێپـەڕی خواردەمـەنی دەفرۆشـت (دانەوێڵەیـەك بـوو) پێغەمبــەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) دەسـتی بـردە نـاو كۆمەڵـە دانەوێڵەكەیەوە، بینی غەشی تێدابوو، شێدار بـوو. فـەرموو: «لَـيْسَ مِنَّـا مَـنْ غَشَّ»[3]: كەسێك غەش بكا لەپێڕی ئێمە نیە.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٤٤٥٤) ، خ(٤/٢٠٦/٢٠٧٦).

[2] صحيح: (ص.ج/٣٤٩٥) ، خ(٤/٣٠٨/٢٠٧٨).

[3] صــــحيح: (الإرواء/١٣١٩) ، (ص.جــــة/١٨٠٩)، جـــــة(٢/٧٤٩/٢٢٢٤)، د(٩/٣٣١/٣٤٣٥)، ت(٢/٣٨٩/١٣٢٩)، م(١/٩٩/١٠٢).

هەڵنان بۆ زوو دەست بەکاربوون لەپێناو بەدەستهێنانی رزق

لە صەخری (الغامدی)یەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «اللَّهُمَّ بَارِكْ لأُمَّتِي فِي بُكُورِهَا»[1] خودایە بەرەکەت بخەرە کاروباری ئوممەتەکەم ئەوانەی بەیانیان زوو دەچنە سەر ئیشەکانیانو زوو دەست بەکاردەبن.

لە سالمی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە لە باوکییەوە لە باپیریەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ قَالَ حِينَ يَدْخُلُ السُّوقَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لاَ يَمُوتُ بِيَدِهِ الْخَيْرُ كُلُّهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ - كَتَبَ اللَّهُ لَهُ أَلْفَ أَلْفِ حَسَنَةٍ وَمَحَا عَنْهُ أَلْفَ أَلْفِ سَيِّئَةٍ وَبَنَى لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ»[2]: کەسێك لەوکاتەدا دەچێتە ناو بازاڕەوە بڵێ {لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لاَ يَمُوتُ بِيَدِهِ الْخَيْرُ كُلُّهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} پەروەردگار هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنووسێو هەزار هەزار تاوانی لێ دەکاتەوەو خانوێکی لەبەهەشتدا بۆ بنیات دەنێ.

ئەو شوێنانەی نابێ مامەڵەو کڕینو فرشتنیان تێدابکرێ

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِذَا رَأَيْتُمْ مَنْ يَبِيعُ أَوْ يَبْتَاعُ فِي الْمَسْجِدِ فَقُولُوا لاَ أَرْبَحَ اللَّهُ تِجَارَتَكَ».[3] ئەگەر بینیتان کەسێك لەمزگەوتدا کاڵا دەفرۆشێ یان دەیکڕێ، بڵێن: یاخودا سەوداو مامەڵەکەت بەرەکەت ئامێز نەبێ.

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٨١٨) ، جة(٢/٧٥٢/٢٢٣٦)، ت(٢/٣٤٣/١٢٣٠)، د(٧/٢٦٥/٢٥٨٩).

[2] حسن: (ص.جة/١٨١٧)، جة(٢/٧٥٢/٢٢٣٥).

[3] صحيح: (ص.ت/١٣٢١)، ت(٢/٣٩١/١٣٣٦).

ئەو كاتانەی سەوداو مامەڵەیان تێدا دروست نیە

قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ. فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ – الجمعة/٩ – ١٠}: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە؛ ئەگەر لەڕۆژی هەینیدا بانگدراو بانگكران بۆ نوێژ بەپەلە بڕۆن بۆ بەجێهێنانی نوێژو واز لەسەوداو مامەڵە بێنن، ئەو باش و پەسەندە بۆ ئێوە ئەگەر ئێوە بزانن. جا كە نوێژ ئەنجام درا ئەوە بە ناو زەویدا بڵاو ببنەوەو خەریكی كارو كاسبی خۆتان بن و هەوڵ بدەن فەضل و نیعمەتی خودا بەدەست بێنن، یادی خودا زۆر بكەن بەڵكوو بەختەوەری هەردوو جیهان بەدەست بێنن.

ئیبنولعەرەبی دەڵێ: ئەوەی ئایەتەكە ئاماژەی پێ كرد كۆڕای زانایانی ئیسلامی لەسەرەو خیلاف لەوەدانیە كە لەكاتی نوێژی جومعەدا مامەڵە حەرامە. ئەگەر سەودایەك لەوكاتەدا كرا فەسخ دەبێتەوە. هەر سەوداو كاروبارێك مرۆڤ لە نوێژی جومعە مەشغوڵ بكا ئەوە حەرام و یاساغەو دانامەزرێ و بە هەڵوەشاو حیساب دەكرێ... ئەم حوكمەش بە مەبەستی رەدع و وازهێنانە لە ئەنجامدانی مامەڵە كردن لەكاتی نوێژی هەینیدا.[1]

خودا كڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ كردووە

لە ئەصڵ و بناغەدا هەموو كڕین و فرۆشتنێك دروستە بەهەر شێوەیەك بێ، مادام رەزامەندی كڕیارو فرۆشیاری تێدا بێتەجێ و شاریع نەی لێ نەكردبێ.

---

[1] احكام القرآن/١٨٠٥ – ١٨٠٦/٤.

ئەو کڕین‌و فرۆشتنانەی شەرع نەی لێ کردون

١- بیع الغرر: سەودای زیانئامێز:

بریتییە لە هەر کڕین‌و فرۆشتنێك نەزانی لەخۆ گرتبێ، یان موجازەفەو خەتەریات‌و قوماری تێدابێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە کڕین‌و فرۆشتنی کاڵایەك نادیاریی تێدابێ‌و کاڵاو سیعر نادیاربێ یان نادیاریی تێدابێ. هەروا نەهی کرد لە (بیع الحصاة) ئەم جۆرە مامەڵەیە بریتییە لەوە فرۆشیار بڵێ ئەم بەردوچکە دەهاوێژم کەوتەسەر کام کاڵا ئەوەم پێ فرۆشتی. یان ئەم بەردە هەڵدەدەم تاکوێ گەیی ئەو مەسافەیەت لە زەوییەکە پێ دەفرشم. یان ئەم سەودایەت لەگەڵ دەکەم‌و ئەتۆ خیارت هەبێ هەتا ئەم بەردە دەهاوێژم. یان خودی بەرد هاویشتنەکە بکەنە عەقدی فرۆشتنەکە. بڵێ هەرکاتێ بەردم گرتە ئەو قوماشە ئەو کاڵایە ماڵت بێ‌و پێم فرۆشتی.

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا (ج١٠/١٥٦) دەفەرموێ: نەهی کردن لە (بیع الغرر) مامەڵەی فرت‌و فێلاوی، بنەمایەکی گەورەیە لە بنەماکانی باسی سەوداو مامەڵە، بۆیە ئیمامی موسلیم ئەم باسەی لە کتێبەکەیدا پێش خستووە، چەند نموونەی سەوداو مامەڵەی ناشەرعی تێدان‌و هەموویان دەچنە بواری بەیعی غەرەرەوە. وەکوو فرۆشتنی کۆیلەی راکردو، فرۆشتنی شتی نەبوو، شتی نەزانراوو نامەعلووم، هەر کاڵایەك نەتوانی تەسلیمی بکەی، کاڵایەك بەتەواوی ملکی فرۆشیار نەبێ، فرۆشتنی ماسی لە ئاوی زۆردا، شیر لە گواندا، فرۆشتنی بێچوو لەسکی دایکەکەیدا. فرۆشتنی کۆمەڵێکی نادیار لەچەند کۆمەڵە گەنمێك، فرۆشتنی کراسێك لەچەند کراسێك، مەڕێك یان بزنێك لە رانە مەڕێکداو شتی لەوجۆرە هەموو

ئەو سەوداو مامەڵانە نادروستو ناشەرعین. چونکە زیانی بۆ کڕیار تێدایەو هیچ پێویستیاتێکیش نیەحەڵاڵی بکا.

هەر ئەوەوی دەفەرموێ: ئەگەر پێویستیاتێك هەبوو داخوازی ئەوەبوو مل بدەین بۆ مامەڵەیەك کە (بیع الغرر) بێو بە ناڕەحەتیو موشەققەت نەبایە نەدەتواندرا خۆی لێ بپارێزی، زیانەکەش زۆر نەبوو، مامەڵەکە لەبەر ناچاریی دروستە، بۆیە موسوڵمانان کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوەی جبەو کەوای ناوهاخندراو – هەرچەندە ناوهاخنەکە نابیندرێ – دروستە، خۆئەگەر بەتەنیا ناوهاخنەکەی پێ بفرۆشی دروست نیە.

هەروا فەرموویەتی: پێویستە بزانرێ کە (بیع الملامسة) خاوەن کالا بڵێ ئەگەر دەستت ڕێی کەوت ئەوەماڵت بێ (بیع المنابذة) هەر لەگەڵ کاڵاکەم بۆ هاویشتی ئەوە ماڵت بێو دەبێ قبوڵت بێ، هەروا (بیع حَبَل الحبلة) بڵێ: ئەگەر حوشترەکەم زا بێچوی بوو پاشان ئەم بێچوە گەورەبوو ئاوس بوو بێچوی ئەوم پێ فرۆشتی هەروەها (بیع الحصاة) بڵێ: ئەم بەردە هەڵدەدەم لەکامیان کەوت لەو کاڵایانە ماڵتەو دەبێ بەهاکەیم بدەیتێ. هەروا تۆوی ئەسپو ئاژەڵی تری نێرو شتی لەو جۆرەی باسکران فرۆشتنیان حەرامە، دەچنە بواری (بیع الغرر)ەوە. بەڵام بەتایبەتی ئەم چەند شتە ناویان هێنراوە چونکە ئەو جۆرە مامەڵانە لەسەردەمی نەزانیدا باوبوون.

نەی کردن لە بەیعی مولامەسەو مونابەزە

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: نەی کراوە لەدوو جۆرە سەوداو مامەڵە: کە سەودای مولامەسەو مونابەزەن. مولامەسە ئەوەیە هەریەك لە کڕیارو فرۆشیار بەبێ تێفکرین دەست بدەن لە پۆشاکی یەکتریو دەست لێدانەکەیان بریتی بێ لە عەقدەکە. یان مولامەسە بریتییە لەوە پیاو

بە پیاو بڵێ: ئەم قوماشەت پێ دەفرۆشم بەو قوماشەو هیچیان سەیری قوماشەکان نەکەن بەڵکوو دەستیان لێ بدەن.

منابذە = موونابەذە: ئەوەیە کابرا بڵێ ئەوەی لامە بۆتی هەڵدەدەم ئەوەی لاتە بۆم هەڵبدە، ئیتر هەریەکەیان ئەوەی لایەتی هەڵی بدا بۆ ئەوی تریان‌و هیچیان نەڕوانێ بۆ قوماش‌و کاڵای ئەویتریان[1].

لە ئەبو سەعیدی (الخدری)یەوە ڕیوایەتکراوە: (نَهَانَا رَسُولُ اللّٰهِ –صلى الله عليه وسلم– عَنْ بَيْعَتَيْنِ وَلِبْسَتَيْنِ نَهَى عَنِ الْمُلاَمَسَةِ وَالْمُنَابَذَةِ فِى الْبَيْعِ).[2]

دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەدووجۆر مامەڵەو دوو شێوە پۆشاك نەهیی لێ کردین.

الملامسة: بریتییە لەوەی پیاو دەست لە قوماشی یەکێکی تر بدا، جا بەشەو بێ یان بەڕۆژ بێ.

المنابذة: ئەوەیە پیاو پۆشاك یان بڵێ کاڵاکەی هەڵبدا بۆ پیاوێکی ترو ئەویش قوماشەکەی یان بڵێ کاڵاکەی بۆئەم هەڵبدا ئەمە شێوەی سەوداکەیان بێ بەبێ تێفکرین‌و ڕەزامەندی نواندن.

فرۆشتنی بێچووی بێچوێك كە هێشتا لەدایك نەبوە (بیع حبل الحبلة)

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەفەرموێ: خەڵکی سەردەمی نەفامی گۆشتی نوێنگینە حوشتریان دەفرۆشت، کە هێشتا حوشترەکەیان نەبوو تەنانەت گۆشتی بێچوی بێچوە حوشترێك كە هێشتا لەدایك نەبووبوو. هۆی دروست نەبوونی ئەم جۆرە مامەڵەیە نەزانینی ماوەکەیە.

---

(1) صحيح: (مختصر م/٩٣٨) ، م(١٥١١-٢-/٣/١١٥٢).

(2) متفق عليه: م(١٥١٢/٣/١١٥٢) وهذا لفظه، خ(٤٤، ٢١٤٧/٤/٣٥٨)، د(٣٣٦٢/٩/٢٣١)، ن(٧/٢٦٠).

حَبَل الحبلة: ئەوەیە حوشتر لەدایك بێ، پاشان ئەم حوشترە لەدایك بووە گەورەببێ سك‌و زا بکا. کابرا بێ پێش ئەوەی حوشترە دایکەکە لەدایك بێ بێچووەکانی بفرۆشێ. ئیتر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لێ کردن لەوەی ئەو جۆرە سەودایە بکرێ.

بیع الحصاة: فرۆشتن بە بەردوچکە بۆهاویشتن

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەی کرد لە فرۆشتنی کاڵا بەشێوەی بەردوچکە بۆ هەڵدان، هەروا هەر مامەڵەیەك فێڵ‌و هەڵخەڵەتاندنی تێدابێ. (لەوەپێش ئەم باسە تێپەڕی).

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا (ج۱۰/۱۵٦) دەفەرموێ: (بیع الحصاة) سێ تەئویلی بۆ دەکرێ:

١- بەم جۆرە فرۆشیار بڵێ: ئەم بەردە دەهاوم، کەوتە سەر کام جۆر لەم کراسانە؛ لەم تۆپە قوماشانە ئەوە ماڵت بێ. یان لێرەوە ئەم بەردە هەڵدەدەم تا کوێ گەیشت لێرەوە تا ئەوێت پێ دەفرۆشم.

٢- بڵێ من ئەم کاڵایەم پێ فرۆشتی، رێگەی خیارو هەڵوەشاندنەوەت هەبێ تا ئەم بەردە دەهاوم لەگەڵ بەردەکەم فڕێ دا ئیتر ماڵت بێ‌و مافی هەڵوەشانەوەت نەبێ.

٣- ئەوەیە خودی هەڵدانی بەردەکە بریتی بێ لە مامەڵەکە بەم جۆرە بڵێ: هەرکاتێ ئەم بەردەم هەڵدا بۆسەر ئەو کراسە ئەوە لێم کڕیوی‌و ماڵمە.

فرۆشتنی تۆماوی نێر

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە فرۆشتنی تۆماوی فەحل، واتە: تۆماوی ئەسپو کەڵەگاو نێرەکەرو نێریو بەران.[1]

فرۆشتنی کاڵایەك کەنەتبێ

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: عەرزی پێغەمبەرم کرد؛ وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! پیاو هەیە داوام لێ دەکا شتێکی پێ بفرۆشم منیش شتەکەم نیە، ئایا پێی بفرۆشم؟ فەرمووی: « لاَ تَبِعْ مَا لَيْسَ عِنْدَكَ».[2] شتێك مەفرۆشە کەنیتە.

فرۆشتنی کاڵا پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر دەستت

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنِ ابْتَاعَ طَعَامًا فَلاَ يَبِعْهُ حَتَّى يَقْبِضَهُ». کەسێك تەعامێکی کڕی با نەیفرۆشێتەوە تا دەکەوێتە ژێردەستی، کە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی ئەوجا دەتوانێ بیفرۆشێتەوە، ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پێم وایە هەموو کاڵایەك وەکوو خۆراك وایە.[3]

ئەم بۆچوونەی ئیبنو عەبباس لە حەدیسێکی مەرفوعدا چەسپاوە، وادیارە ئیبنو عەبباس فەرموودەکەی پێ نەگەیشتووە.

لە حەکیمی کوڕی حیزامەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: بە پێغەمبەرم گوت: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمن معامەلە چیم، دەکڕمو دەفرۆشم چیم بۆ

---

(1) صحيح: (مختصر م/٩٣٩) ، خ(٤/٤٦١/٢٢٨٤)، د(٩/٢٩٦/٣٤١٢).

(2) صحيح: (الإرواء/١٢٩٢) ، جة(٢/٧٣٧/٢١٨٧)، ت(٢/٣٥٠/١٢٥٠)، د(٩/٤٠١/٨٦٣٤).

(3) متفق عليه: م(١٥٢٥ -٣٠-/٣/١١٦٠) واللفظ له خ(٤/٣٤٩/٢١٣٥)، د(٩/٣٩٣/٣٤٨٠).

حەڵاڵەو چیم لێ قەدەغەیە؟ فەرمووی: « فَإِذَا اشْتَرَيْتَ بَيْعاً فَلاَ تَبِعْهُ حَتَّى تَقْبِضَهُ»[1]: ئەگەر کاڵایەکت کڕی تا وەری نەگری‌و نەیخەیە ژێر دەستی خۆت مەیفرۆشەوە.

لە طاوسەوە لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنِ ابْتَاعَ طَعَامًا فَلاَ يَبِعْهُ حَتَّى يَكْتَالَهُ».[2] کەسێك طەعامێکی کڕی با نەیفرۆشێتەوە تا دەیخاتە ژێر دەستی خۆی. بە ئیبنو عەبباسم وت: بۆ؟ فەرمووی: ئەی ئەوەنیە ئەو فرۆشیارو کڕیارە مامەڵە بەپارەکە دەکەن‌و هێشتا کاڵاکە وەرنەگیراوە.

سەودا لەسەر سەودا

لە ئیبنو عومەرەوە هاتووە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ».[3] هیچ کام لەئێوە نابێ سەودا لەسەر سەودا بکا.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَسُمِ الْمُسْلِمُ عَلَى سَوْمِ أَخِيهِ».[4] با موسوڵمان سەودا لەسەر سەودای برای موسوڵمانی نەکا.

هیچ خراپیەك نابیندرێ ئەگەر یەکێك لە مەزادکردندا سەودا لەسەر سەودای برای موسوڵمانی بکا بە مەرجێ نیازی کڕین بێ.

---

[1] صحيح لغيره: حم(١٥٣١٦/٣٢/٢٤).

[2] متفق عليه: م(١٥٢٥-٣١/١١٦٠/٣) وهذا لفظه خ(٢١٣٢/٣٤٧/٤)، د(٣٤٧/٣٩٢/٩).

[3] متفق عليه: خ(٢١٦٥/٣٧٣/٤)، م(١٤١٢/١١٥٤/٣)، جة(٢١٧١/٧٣٣/٢).

[4] صحيح: (الإرواء/١٢٨٩)، م(١٥١٥/١١٥٤/٣).

عـەطاء دەفـەرموێ: مـن زۆرم لـەم باسـە کۆڵیوەتـەوەو گەیـشتومە ئـەو قەناعەتە: کە هیچ خراپیەك نابینـدرێ لـەوەدا زەمکـردن‌و زیـادکردن بەسـەر موشتەریدا بکرێ، وەلێ ئەگـەر زیادکردنەکە بـەنیازی کـڕین نـەبوو، بـەڵکوو بۆئەوە بوو کاڵاکە بەرزبکەیەوە ئەوە ناشەرعییەو دروست نیە. چونکە ئـەوە ئەو پێدا هەڵگوتن‌و چاوڕاو کردنەیە کە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) نەهی لێ کردوە.[1]

ئیبنو ئەبو ئەوفا دەڵێ: (ألنـاجش) واتـە: چاووڕاوکەر ریبـا خـۆرەو بـە خائین حلێبە.

پێش فرۆشی مودەکاری (بیع العینة)

ئەم جۆرە مامەڵەیە ئەوەیە کاڵایەك بفرۆشی بەنرخێك بەقەرز پاشـان پێش ئەوەی کڕیار ماڵەکە وەربگرێ بەحازر لێی بکڕێتەوە بەنرخێکی کـەمتر لەو نـرخەی پێی فرۆشتووە.

لـە ئیبنـو عومــەرەوە ڕیوایــەتکراوە: کـە پێغەمبــەر (دروودی خــودای لەسەر بـێ) فەرموویـەتی: «إذَا تَبَـايَعْتُمْ بِالْعِينَـةِ وَأَخَـذْتُمْ أَذْنَـابَ الْبَقَـرِ وَرَضِـيتُمْ بِالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمُ الْجِهَادَ سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلاًّ لاَ يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ».[2] ئەگەر بەشێوەی (عینة) سەوداو مامەڵەتان کرد هەرکاتێك خـەڵکی چروکیان نواند رژدو چاو چنۆك بوون لە دینارو درەمدا، مامەڵەی عینـەیان کـرد: واتـە بازرگانـەکان کـاڵای خۆیـان فرۆشـت بـە قـەرزو لەپاشـان هـەمان کاڵایـان لـە کڕیارەکان کڕیەوە بە حازرو بەکەمتر لەو نرخەی پێیان فرۆشـتووە، لـەکاتێکا غـەزاو جیهـاد پێویـست بـوو ئـەوان خـەریکی جوتکردن‌و کـشت‌و کـاڵ کـردن بووون‌و وازیان لە جیهاد هێناو خۆشیان بـۆ حازرنـەکرد، ئـەوە خـودا تـەنگـو

---

[1] متفق علیه: (٢١٤٢/٣٥٥/٤)، م(١٥١٦/١١٥٦/٢).

[2] صحیح: (ص.ج/٤٣٢) ، د(٣٤٤٥/٣٣٥/٩).

چەڵمەو گرفتاربوونتان بەسەردا دەداو پێوەی دەتلێنەوەو لەسەرتان لانابا هەتا نەگەڕێنەوە بۆ پەیڕەویکردنی ئایینەکەتان.

فرۆشتنی بەقەرز بە نرخی زیاد (فرۆشتنی بەقیسط)

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « مَنْ بَاعَ بَيْعَتَيْنِ فِي بَيْعَةٍ فَلَهُ أَوْكَسُهُمَا أَوِ الرِّبَا »[1]: کەسێك دوو سەودا بەیەك سەودا ئەنجام بدا، وەکوو ئەوە بڵێ ئەم کراسەم پێ فرۆشتی بەحازر بە دەدینارو بە قەرز بە دوانزە دینارو بەلایەکدا ساغی نەکردەوە دەبێ بەبەها کەمەکە رازی بێ‌و خۆی‌و بەرامبەرەکەی تووشی سودخۆریی نەکا، خۆ ئەگەر لەسەر شێوەیەك رێك کەوتن ئەوە سەوداکەیان دروستە.

لە سیماکەوە لە (عبدالرحمن)ی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە لە باوکییەوە ڕیوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەوەی دوو سەودا لەیەك سەودادا بکرێ.

سیماك دەفەرموێ: شێوەی ئەنجامدانی دوو سەودا لەیەك سەودادا بەم جۆرەیە پیاوێك سەودابکا بڵێ: ئەم کاڵایە بەقەرز بە ئەوەندە پارە بە حازریش بە ئەوەندە، بەلایەکدا نەی بڕێنێتەوە.[2]

(بيع المعاومة) فرۆشتنی بەروبوومی درەخت دوو ساڵ‌و زیاتر

لە ئیبنو زوبەیرو سەعیدی کوڕی (میناء)ەوە، لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی

---

[1] حسن (ص.ج/٦١١٦)، د(٣٤٤٤) ولمزيد من التفصيل راجع السلسلة الصحيحة للألباني/٢٣٢٦).

[2] صحيح لغيره حم: (٣٢٤/٣٧٨٣ و ٦/٣٢٥)، ت الأرناؤوط.

کردووه له مامەڵە بەشێوەی (معاومـة) راوییـەکیان دەڵێ: پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەجیاتی (ألمعاومة) وشەی (بیع السنین) فەرمووە.[1]

ئیبنولمونذیر دەڵێ: فوقـەها کۆڕایـان هەیـە لەسـەر ئـەوە: کـە فرۆشـتنی میوەی درەخت بۆ چەند ساڵێك دروست نیە.[2]

خەطابی دەڵێ: وشەی (ألمعاومة) لەسەر کێشی (ألمفاعلـة)یـەو لـە (ألعـام) وەرگیراوە بریتییە لە فرۆشتنی میوەی درەخـت بۆمـاوەی چـەند سـاڵێك. بـەم جـۆرە پیـاو بـەری درەختـە خورمایـەك یـان چـەند درەختێـك بفرۆشـێ بـە یەکێکی تر بۆماوەی چەند ساڵێك، ئەم جۆرە مامەڵەیە زیانی تێدایە. چـونکە ئەو شتێك دەفرۆشێ: کە بـوونی نیـە لـەکاتی مامەڵەکەدا، شـتە فرۆشـراوەکە هەر نەهاتۆتـەدی، ناشـزاندرێ ئـاخۆ دێتـە دی یـان نـا؟ نازانـێ ئـاخۆ درەختـە خورماکە بەر دەگرێ یان نا.[3]

قەرزو کڕینو فرۆشتن بەیەك سەودا (سلف وبیع)

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لاَ يَحِلُّ سَلَفٌ وَبَيْعٌ».[4]

خەطابی دەڵێ: مانای (سلف) قەرزە. ئەم مامەڵەیە بـەم جۆرەیـە کـابرا بڵێ: ئەو کاڵایەت پێ دەفرۆشم بەئەو نرخە بەمەرجێ هەزار دینـارم بەقـەرز بدەیتێ، ئەم مامەڵەیە فاسیدەو دانابەسترێ چونکە ئەو بۆیە قەرزی پێ دەدا: کـە لـەکڕینی کاڵاکـەدا خـاتری بگـرێ، کـەوابوو نرخـی کاڵاکـە نادیـار دەبـێ.

---

[1] م(١٩٣٦ -٨٥-/١١٧٥/٣)، د(٣٣٥٩/٢٢٩/٩)، جة(٢٢١٨/٧٤٧/٢).

[2] الإجماع: (١١٥/٤٧٩).

[3] معالم السنن ج٥/٤٤.

[4] حسن صحيح: (ص.د/٢٩٩٢) ، د(٣٤٨٧/٤٠٢/٩)، ت(١٢٥٢/٣٥١/٢)، ن(٢٨٨/٢٩٥/٧).

هەروەها چونکە هەر قەرزێك سود بۆ خاوەن قەرزەکە رابکێشێ دەچێتە چوارچێوەی ریباوە.[1]

نەیکردن لە فرۆشتنی (طەعام) هەتا دوجار نەپێورێ

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەی کرد لەفرۆشتنی (طەعام) هەتا ربەی فرۆشیارو ربەی کڕیار تێیدا بەکار نەبێ.[2]

لە ئیمامی عوسمانەوە دەگێڕدرێتەوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووە: «إِذَا بِعْتَ فَكِلْ ، وَإِذَا ابْتَعْتَ فَاكْتَلْ»: کە خۆراکت فرۆشت پێوانەی بکە بۆ کڕیار کە کڕیشت شتەکردراوەکە بپێوە.[3]

فرۆشتنی حەیوان بە حەیوان بەقەرز (بيع الحيوان بالحيوان نسيئة)

لە سەمورەی کوڕی جوندوبەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەیکردوە لە فرۆشتنی حەیوان بەحەیوان بەقەرز.[4]

ئەگەر حەیوان بەحەیوان فرۆشرا دروستە زیدەی تێدابێ بەمەرجێ حازر بەحازر بێ.

لە جابیرەوە ریوایوەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ بَأْسَ الْحَيَوَانُ بِالْحَيَوَانِ وَاحِدًا بِاثْنَيْنِ يَدًا بِيَدٍ وَكَرِهَهُ نَسِيئَةً».[5]

---

[1] معالم السنن (٥/١٤٤).

[2] حسن: (ص.جة/١٨١٢)، جة(٢٢٢٨/٧٥٠/٢).

[3] خ: (٣٤٣ و ٤/٣٤٤).

[4] صحيح: (ص.د/٢٨٦٩) ، د(٣٣٤٠/٢٠٥/٩)، جة(٢٢٧٠/٧٦٣/٢)، ن(٧/٢٩٢).

[5] صحيح: (ص.جة/١٨٤٢) ، جة(٢٢٧١/٧٦٣/٢).

فرۆشتنی گیانلەبەر بە گیانلەبەر دروستە حەیوانێك بەدوو حەیوان حازر بەدەستو دەست بەدەست. بەڵام بەشێوەی قەرز بەلایەوە پەسەند نەبوو.

فرۆشتنی خورمای تەڕ بە خورمای وشك (بیع الرطب بالتمر)

لە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پرسیاری لێ کرا دەربارەی فرۆشتنی خورمای تەڕ بە خورمای وشکەوە بوو. فەرمووی: «أَيَنْقُصُ الرُّطَبُ إِذَا يَبِسَ».؟ ئایا خورما تەڕەکە کەوشکبۆوە کەم دەکا؟ وتیان: بەڵێ، ئیتر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی لێ کردن کە ئەو جۆرە مامەڵەیە بکەن.[1]

فرۆشتنی میوە بە خواردەمەنی بە پێوانە

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە مامەڵەکردن بەشێوەی موزابەنە، بەمجۆرە بەروبوومی پەرژینی باخەکەی ئەگەر خورمابوو بفرۆشێ بە خورمای وشکەوەکراو ئەگەر دارمێو بوو بەرەکەی بفرۆشێ بەمێوژ بەپێوانە، ئەگەر کشتو کاڵی تر بوو بیفرۆشێ بە خواردەمەنی بە پێوانە. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەهەموو ئەم جۆرە سەودایانە کرد.[2]

ئیبنو بەطال دەڵێ: زانایان کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە کە دروست نیە فرۆشتنی بەروبووم پێش لێکردنەوەو چنینی بە خواردەمەنی چونکە فرۆشتنی کاڵای نادیارو نەزانراوە بەکاڵای دیاریکراو.

---

[1] صـــــــحیح: (ص.ت/١٢٢٥) ، ت(١٢٤٣/٣٤٨/٢)، د(٣٣٤٣/٢١١ — ٢١٣/٩)، ن(٢٦٩/٧)، جە(٢٢٦٤/٧٦١/٢).

[2] متفق علیە: خ(٢٢٠٥/٤٠٣/٤)، م(١٥٤٢ ـ٧٦/١١٧٢/٣)، د(٣٣٤٥/٢١٤/٩).

بەرەوپیر چوونی کاروان‌و قەتار کەشت دێنن بۆشار

ئەم جۆرە مامەڵەیە ئەوەیە بازرگانی شار بەرەوپیری کاروان‌و قەتار بڕوا بۆئەوەی پێش ئەوەی کاروانەکە بگاتە شارو نرخی کاڵاکەیان بزانن کاکی بازرگان لێیان بکڕێ [١] بەمەش قەتارچی‌و کاڵا هێنەکان چونکە ئاگاداری نرخ نین دەکەونە زەرەرەوە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ تَلَقَّوُا السِّلَعَ حَتَّى يُهْبَطَ بِهَا إِلَى السُّوقِ». [٢] بەپیر کاڵای قافڵەو کاروانەوە مەچن بۆ دەری شارو لێیان بگەڕێن با بەشێوەی ئاسایی کاڵاکەیان بخەنە بازاڕەوە.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «لاَ تَلَقَّوُا الْجَلَبَ. فَمَنْ تَلَقَّاهُ فَاشْتَرَى مِنْهُ فَإِذَا أَتَى سَيِّدُهُ السُّوقَ فَهُوَ بِالْخِيَارِ». [٣] بەپیر کاڵا هێنەرانەوە مەچن کەسێك بەپیریانەوە چوو شتێکی لەیەکێك کڕی دوایی خاوەن کاڵاکە هاتە بازاڕو هەستی کرد خەڵەتاوەو نرخی کەمی دراوەتێ بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە.

فرۆشتنی کاڵای لادێیی لەلایەن بازرگانی شارەوە (بیع الحاضر للباری)

ئەم جۆرە مامەڵەیە ئەوەیە لادێیی کاڵاکەی بەرێ بۆشار بۆ فرۆشتن بە نرخی ڕۆژو بگەڕێتەوە بۆ گوند، کابرای دوکانداری شارنشین بچێتە بن

---

[١] أحكام الأحكام ج٣/١١١.

[٢] متفق عليه: خ(٤/٣٧٣/٢١٦٥)، واللفظ له، م(٣/١١٥٦/١٥١٧)، د(٩/٣٨٠/٧٤٧٣).

[٣] م(٣/١١٥٧/١٥١٩)، ت(٢/٣٤٦/١٢٣٩)، د(٩/٣٠٣/٣٤٢٠)، ن(٧/٢٥٧)، ج(٧٣٥/٢١٧٨).

کلێشەیەوەو پێی بڵێ: لای من دای بنێ من بەکاڵەخۆ بەنرخی زیاد بۆت دەفرۆشم، ئەمەش زیان دەگەیەنێ بە دانیشتوانی شار.[1]

لە ئەنەسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی لەوەکرد: کە دوکاندارو بازرگانی شار شتومەك بۆ گوندنشینەکان بفرۆشن با باوکیشی بێ یان برای بێ.[2] واتە: تەنانەت ئەگەر خاوەن کاڵای لادێیی‌و دوکانداری شار باوك‌و کوڕ یان برای یەکتریش بن هەرنابێ کابرای دوکانداری شار کاڵا بۆ لادێیی بفرۆشێ.

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ يَبِعْ حَاضِرٌ لِبَادٍ دَعُوا النَّاسَ يَرْزُقِ اللَّهُ بَعْضَهُمْ مِنْ بَعْضٍ».[3] نابێ دوکاندارو بازرگانی شارنشین کاڵا بۆ گوندنشینەکان بفرۆشێ، واز لەخەڵك بێنن با بۆخۆیان کاڵای خۆیان بفرۆشن‌و خودا رزق‌و ڕۆژی هەندێکیان لە هەندێکیان بەدەست بێنن.

ئەو کاڵایانەی فرۆشتنیان دروست نیە

١- شەراب: لەخاتو عائیشەوە (ڕەزای خودای لێ بێ) دەفەرموێ: کاتێك ئایەتەکانی سورەتی (البقرة) بەتەواوی نازڵ بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) تەشریفی لەماڵ دەرچوو فەرمووی: (حُرِّمَتْ التِّجَارَةِ فِي الْخَمْرِ).[4] بازرگانیکردن بە مەیی‌و شەراب یاساغ کرا.

---

[1] أحكام الأحكام (ج٣/١١٤).

[2] م(١٥٢٣/١١٥٨/٣)، د(٣٤٢٣/٣٠٦/٩)، ن(٧/٢٥٦).

[3] م(١٥٢٢/١١٥٧/٣)، ت(١٢٤١/٣٤٧/٢)، د(٣٤٢٥/٣٠٩/٩)، ن(٧/٢٥٦)، جة(٢١٧٦/٧٣٤/٢).

[4] متفق عليه: خ(٢٢٢٦/٤١٧/٤)، م(١٥٨٠/١٢٠٦/٣)، د(٣٤٧٣/٢٨٠/٩)، ن(٧/٣٠٨).

٢- فرۆشتنی ترێ بەکەسێك بیکا بەمەی: قورئان دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ – المائدة/٢}. هاوکاری یەکتربکەن لەسەر کاری چاكو خۆپارێزی لەسزای خودا، یارمەتی یەکتر مەدەن لەسەر خراپەو کاری سنوور بەزێنیو شکاندنی فەرمانەکانی خودا.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « لُعِنَتِ الْخَمْرُ عَلَى عَشَرَةِ أَوْجُهٍ بِعَيْنِهَا وَعَاصِرِهَا وَمُعْتَصِرِهَا وَبَائِعِهَا وَمُبْتَاعِهَا وَحَامِلِهَا وَالْمَحْمُولَةِ إِلَيْهِ وَآكِلِ ثَمَنِهَا وَشَارِبِهَا وَسَاقِيهَا».[1] لە دەلاوە لەعنەتو نەفرین کراوە لە عەرەقو مەی. خودی عەرەق خۆی، ئەوکەسەی دەیگۆشی ئەوەی بۆی دەگوشن، ئەوەی دەیفرۆشێ ئەوەی پێی دەفرۆشن ئەو کەسەی هەڵی دەگرێ ئەوەی بۆی هەڵدەگرنو بۆی دەبەن، ئەوەی نرخەکەی دەخوا، ئەوەی دەیخواتەوە ئەوەی دەیگێڕێ.

٣- فرۆشتنی ئامێری شاییو زەماوەندو دەهۆڵو زوڕناو شتی وا: لە ئەبو ئومامەوە لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتکراوە: فەرموویەتی:(لاَ تَبِيعُوا الْقَيْنَاتِ وَلاَ تَشْتَرُوهُنَّ وَلاَ تُعَلِّمُوهُنَّ وَلاَ خَيْرَ فِي تِجَارَةٍ فِيهِنَّ وَثَمَنُهُنَّ حَرَامٌ). چەتیوی کۆیلەی گۆرانی بێژ مەفرۆشن، مەشیان کڕن، گۆرانیشیان فێرمەکەن، خێرو بێرو بەرەکەت لە مامەڵەکردن بەم جۆرە کۆیلانەوە نیە، بەهاکەشیان حەرامە. دەربارەی ئەم شتە خراپو نەشیاوانە ئەم ئایەتە نازڵ بووە: کە دەفەرموێ: {وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ – لقمان/٦}.

٤- گۆشتی مردارەوەبوو، گۆشتی بەراز، بتو صەنەم:

---

[1] صحيح: (ص.جة/٢٧٢٥) ، جة(٣٣٨٠/١١٢١/٢) واللفظ له، د(٣٦٥٧/١١٢/١٠).

لەجابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ڕیوایەتکراوە: کە بەگوێچکەی خۆی ساڵی ڕزگارکردنی مەککە لە مەککەدا لەدەمی پێغەمبەری بیست فەرمووی: «إِنَّ اللَّـهَ وَرَسُـولَهُ حَـرَّمَ بَيْـعَ الْخَمْـرِ وَالْمَيْتَـةِ وَالْخِنْزِيـرِ وَالأَصْـنَامِ». پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی فرۆشتنی عەرەقیان حەرام کردووە، هەروەها فرۆشتنی گۆشتی مردارەوەبوو گۆشتی بەراز هەروا بتو صەنەم.

گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەی پێوی ئاژەڵی مردارەوەبوو حوکمەکەی چیە؟ ئەوەتا کەشتی پێ روکەش دەکرێ، پێستی پێ چەوردەگرێ، دەشکرێ بە رۆنی فتیلەو چرا بۆ روناکی، فەرمووی: « لاَ ، هُوَ حَرَامٌ » نابێ، بەکارهێنانی پیوی لەو جۆرە حەرامەو فرۆشتنو کڕینیشی حەرامە. پاشان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «قَاتَلَ اللَّـهُ الْيَهُودَ ، إِنَّ اللَّهَ لَمَّـا حَـرَّمَ شُـحُومَهَا جَمَلُـوهُ ثُـمَّ بَـاعُوهُ فَـأَكَلُوا ثَمَنَـهُ».[1] خودا جولەکە لەناوبەرێ: کە پەروەردگار پیوی مردارەوەبووی حەرام کرد هاتن پیوەکەیان تواندەوەو فرۆشتیان پاشان بەهاکەیان خوارد.

٥- فرۆشتنی خوێن: لە عەونی کوڕی ئەبو جوحەیفەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: باوکی خۆم بینی بەندەیەکی کەڵەشاخگری کڕی (فَـأَمَرَ بِالْمَحَـاجِمِ فَكُسِرَتْ، فَسَأَلْتُهُ عَنْ ذَلِكَ)؟ فەرمانی پێدا کەڵەشاخەکەی بشکێنێ، پرسیارم کرد بۆ؟ لە وەڵامدا وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردوە لەبەهای خوێن.[2]

---

[1] متفـــق عليـــه: خ(٤/٤٢٤/٢٢٣٦٥)، م(٣/١٢٠٧/١٥٨١)، ت(٢/٢٨١/١٣١٥)، د(٩/٣٧٧/٣٤٦٩)، جة(٢/٧٣٢/٢١٦٧)، ن(٧/٣٠٩).

[2] خ(٤/٤٢٦/٢٢٣٨).

ئیبنولمونزیر دەڵێ: زانایانی ئیسلام کۆڕایان هەیە لەسەر حەرامی ئەو شتانەی خودا حەرامی کردون: لە مردارەوەبوو لەخوێنو لەبەراز.[1]

٦- سەگ: لەئەبو مەسعودی ئەنصارییەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لەبەهای سەگو لەکرێی زیناو لە شیرینیو بەخشیشی کاهینو کوڵەوەنانی.[2]

سەگی ڕاو واتە سەگی تەربیە دادراو ڕاهێنراو لەم حوکمە چەرت دەکرێ، ئەم جۆرە سەگە کڕینو فرۆشتنیان دروستە.

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: نەهی کراوە لەبەهاو نرخی سەگ جگە لەسەگی ڕاو.[3]

٧- پشیلە: لە ئەبو زوبەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لە جابیر کرد دەربارەی بەهای سەگو پشیلە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) زۆر بەتوندیو تووڕەیی‌یەوە نەهی لەو جۆرە مامەڵەیە کرد.[4]

٨- وێنەی ئەو شتانەی گیانیان لەبەرە، لە سەعیدی کوڕی ئەبولحەسەنەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: لای ئیبنو عەبباس بووم، پیاوێك هات بۆلام وتی: ئەی ئیبنو عەبباس! من مرۆڤێکم ژیانم لەسەر بەرهەمی دەستی خۆمە، من وینەکێشم ئەم وێنانەم بەدەستی خۆم دروست کردووە، ئیبنو عەبباس فەرمووی: ئەمن ئەوەی لە پێغەمبەرم نەبیستبێ بۆت ناگێڕمەوە، بەگوێی خۆم لە پێغەمبەرم بیست، فەرمووی: «مَنْ صَوَّرَ صُورَةً فَإِنَّ اللَّهَ مُعَذِّبُهُ

---

[1] الإجماع: (١١٤/٤٧٤).

[2] متفق عليه: خ(٤/٤٢٦/٢٢٣٧)، م(٣/١١٩٨/١٥٦٧)، د(٩/٣٧٤/٣٤٦٤)، ت(٢/٣٧٢/١٢٩٣)، جة(٢/٧٣٠/٢١٥٩)، ن(٧/٣٠٩).

[3] حسن (ص.ت/١٢٨١)، ت(٢/٣٧٥/١٢٩٩).

[4] م (٣/١١٩٩/١٥٦٩)، د (٩/٣٧٢/٣٤٦٢)، ت (٢/٣٧٤/١٢٩٧).

، حَتَّى يَنْفُخَ فِيهَا الرُّوحَ ، وَلَيْسَ بِنَافِخٍ فِيهَا أَبَدًا». کەسێك وێنـەی گیانلەبـەرێك بکێشێ، ڕۆژی قیامەت پەروەردگار سزای دەدا تاگیانی بە بەردا دەکا، هـەرگیز توانـای ئـەوەی نیـە گیـانی بـە بـەردا بکا، کـابرا هەڵسڵەمیەوەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ئیبنو عەبباس پێی گوت: ماڵوێران، کە هەر ناچار بی وێنـە بکێـشی، وێنەی درەختێك بکێشە، یان هەرشتێك کە گیانی لەبەردا نەبێ.[1]

٩- میوە پێش ئەوەی کامڵ بێ، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) نـەهی کـرد لەفرۆشـتنی بەروبووم تا نیشانەی کامڵ بوونی دەردەکەوێ، هەروا نەهی کـرد لەفرۆشتنی بـەری درەختـی خورمـا هـەتا وای لێ دێ ئـاڵو بـۆڵی تێدەکـەوێ، واتـە: تـا خورماکانی سور دەبن یان زەرد دەبن.[2]

هەر لە ئەنەسـەوە ڕیوایـەتکراوە، دەڵـێ: کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بـێ) نـەهی کـردووە لـە فرۆشـتنی میـوەو بـەروبوم هـەتا کـامڵ دەبـن. گوتـرا کامڵ بوون چۆنە؟ فەرمووی: هەتا سور دەبـێ، ئـەمجار فـەرمووی: ئـەی ئەگەر خودا بەروبومەکـەی واڵێ نـەکرد هـەڵی پێـچێو پـوح بـوو، لەبەرامبـەر چیدا یەکێك لەئێوە ماڵی براکەی وەرگرێ؟[3]

١٠- فرۆشتنی بەروبومی کشتوکاڵی پێش ڕەقبوونی دەنکەکانی.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بـێ) نـەهی کـردووە لەفرۆشـتنی خورمـا تـا کـامڵ دەبـێ، فرۆشـتنی

---

[1] متفق علیه: خ (٢٢٢٥/٤١٦/٤)، وللفظ له م (٢١١٠/١٦٧٠/٣)، ن (٢١٥/٨) مختصراً.

[2] متفق علیه: خ (٢١٩٨/٣٩٨/٤)، وللفظ له م (١٥٥٥/١١٩٠/٣)، ن (٢٦٤/٧).

[3] کامڵبوون بۆ دانەوێڵە سپی هەڵگەڕانیەتیو ڕەقبوونی دەنکەکانیەتی.

دانەوێڵە تا ڕەق دەبێ، دڵنیا دەبن لەوەی کە پێگەیشتووەو لە ئافات ڕزگاری بووە، نەهیەکە ئاڕاستەی فرۆشیارو کڕیار کراوە.[1]

١١- هەر کاڵایەك حەرام بێ لەخۆراكو خواردنەوەو پۆشاكو ئەو جۆرە شتانە.

لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ، إِذَا حَرَّمَ عَلَى قَوْمٍ أَكْلَ شَيْءٍ حَرَّمَ عَلَيْهِمْ ثَمَنَهُ».[2] پەروەردگار ئەگەر لەسەر گەلو نەتەوەیەك خواردنی شتێکی حەرام کرد بەهاکەشی حەرام دەکا لەسەریان.

١٢- پۆشاکی ئافرەت کە مەرجەکانی پۆشاکی شەرعی تێدا نەیەتەجێ. چونکە فرۆشتنی کاڵای لەو جۆرە فاحیشەو فەساد لەناو موسوڵمانانندا بڵاو دەکاتەوە، قورئان دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ – المائدة/٢}. یان دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ – النور/١٩} بێگومان ئەوانەی هەوڵ دەدەنو دەیانەوێ فاحیشەو فەساد لەناو خاوەن باوەڕاندا بڵاوبێتەوە سزای بەئێشیان بۆ دانراوە چ لە دونیادا چ لەقیامەتدا. خودا دەزانێ بڵاوکردنەوەی فاحیشە چەند زیانبەخشو دژە مرۆڤە، ئێوە نازانن.

(الخیار): مافی ژیوانبوونەوە

پێناسەی خییار: داواکردنی باشترین دوو ئەمر لە ڕویاندنی سەودا یان هەڵوەشاندنەوەی.

---

[1] صحیح: (مختصر م/٩١٧)، م (٣/١١٦٥/١٥٣٥)، د (٩/٢٢٢/٣٣٥٢)، ت (٢/٣٤٨/١٢٤٥)، ن (٧/٣٧٠).

[2] صحیح: (مختصر م/٩١٧)، م (٣/١١٦٥/١٥٣٥)، د (٩/٢٢٢/٣٣٥٢)، ت (٢/٣٤٨/١٢٤٥).

جۆرەکانی خییار

١- خییاری مەجلیسی مامەڵەکە، ئەم مافە بۆ فرۆشیارو کڕیار چەسپاوە لەکاتێ سەودا دەکەن تا لێك جیادەبنەوە بەمەرجێ لەناوەڕۆکی سەوداکەیاندا ئەومیان دیاری نەکردبێ کە خییاری نەبێ، یان دوای بڕاندنەوەی سەوداکەیان نەیان وتبێ خییارمان نەبێ، یان یەکێکیان خییاری خۆی ساقط نەکردبێ، ئەگەر یەکێکیان خییاری خۆی پوچاندەوە، ئەوە خۆی خییاری نابێ بەلام بەرامبەرکەی خییاری دەمێنێ.

له ئیبنو عومەرەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێ) کە فەرموویەتی: «إِذَا تَبَايَعَ الرَّجُلاَنِ فَكُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا بِالْخِيَارِ، مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا، وَكَانَا جَمِيعًا، أَوْ يُخَيِّرُ أَحَدُهُمَا الآخَرَ فَتَبَايَعَا عَلَى ذَلِكَ، فَقَدْ وَجَبَ الْبَيْعُ، وَإِنْ تَفَرَّقَا بَعْدَ أَنْ يَتَبَايَعَا، وَلَمْ يَتْرُكْ وَاحِدٌ مِنْهُمَا الْبَيْعَ، فَقَدْ وَجَبَ الْبَيْعُ».[1] ئەگەر دوو پیاو سەودایان کرد هەریەکەیان بۆی هەیە سەوداکە راگرێ یان بیبڕۆیەنێ مادامێ لێك جیا نەبنەوە، ئەگەر یەکێکیان ئەویتری موخەیەر کردو سەوداکەیان کرد ئەوە مامەڵەکەیان دادەمەزرێ، ئەگەر دوای سەوداکە لێك جیابوونەوەو هیچ کامیان خییاری پەیڕەو نەکرد ئەوە بەیعەکەیان چەسپاوە.

حەرامە یەکێك لەکڕیارو فرۆشیار لە مەجلیسی عەقدەکە خۆ بدزێتەوە لەترسی ئەوەی بەرامبەرەکەی سەوداکە پوچ بکاتەوە.

له عەمری کوڕی شوعەیبەوە لەباوکیەوە لە باپیریەوە ریوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَفْقَةَ خِيَارٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُ أَنْ يُفَارِقَ صَاحِبَهُ خَشْيَةَ أَنْ يَسْتَقِيلَهُ».[2] فرۆشیارو کڕیار خاوەنی خییارن، بۆیان هەیە لە مەجلیسی

---

[1] متفق عليه: خ (٢١١٢/٣٣٢/٤)، م (١٥٣١- ٤٤- ١١٦٣/٣)، ن (٧/٢٤٩).

[2] صحيح: (ص. ج/٢٨٩٥)، د (٩/٣٢٤/٣٤٣٩)، ت (٣/٣٦٠/١٢٦٥)، ن (٧/٢٥١).

عەقدەکەدا مامەڵەکە رابگرنو ژێوان ببنەوە. مەگەر خییار دابنێن، بەم جۆرە یەکێکیان بەوی تریان بڵێ: بەویستی خۆت بڕیار بدە مامەڵەکە بڕوا یا ڕای بگرین، جا ئەگەر یەکێکیان بڕیاری ڕۆیاندنی دا ئەوی تریش ڕازی بوو مامەڵەکە دادەبەسترێ، دروستیش نیە هیچ کام لە فرۆشیارو کڕیار خۆ بدزێتەوە لە بەرامبەرەکەی لەترسی ئەوەی هاوەڵەکەی سەوداکە رابگرێو هەڵی بوەشێنێتەوە.

٢-خییاری مەرج: بەم جۆرە هەردووکیان یان یەکێکیان خییار بە مەرج بگرن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، ئەگەر ماوەکە درێژیش بێ هەر دروستە.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ الْمُتَبَايِعَيْنِ بِالْخِيَارِ فِي بَيْعِهِمَا ، مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا ، أَوْ يَكُونُ الْبَيْعُ خِيَارًا».[1] فرۆشیارو کڕیار خییاریان بۆ هەیە لە سەوداکەیاندا بە مەرجێ لێك جیانەبوبنەوە، یان لە مامەڵەکەیان خییاریان بەمەرج گرتبێ بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.

٣- خییاری عەیب بەم جۆرە کاڵاکە یان بەهاکە عەیبدار بێ.

لەوەپێش باسی ئەوە کرا: کەنابێ عەیبو خەوشی کاڵا بشاردرێتەوە، جا ئەگەر پیاوێك کاڵایەکی کڕیو دەرکەوت عەیبدارەو پێی نەزانیبوو تا لێك جیابوونەوە، دەتوانێ کاڵا عەیبدارەکە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنِ اشْتَرَى غَنَمًا مُصَرَّاةً فَاحْتَلَبَهَا ، فَإِنْ رَضِيَهَا أَمْسَكَهَا ، وَإِنْ سَخِطَهَا فَفِي حَلْبَتِهَا صَاعٌ مِنْ تَمْرٍ».[2] کەسێك بزنێك یان مەڕێکی کڕی، ماوەیەك بوو فرۆشیار نەیدۆشیبوو بۆ ئەوەی گوانی گەورە

---

[1] متفق علیه: خ (٢١٠٧/٣٢٦/٤)، م (١٥٣١/١١٦٣/٣)، ن (٢٤٨/٧).

[2] متفق علیه: خ (٢١١٥/٣٦٨/٤)، وهذا لفظه، م (١٥٢٤/٣١٠/٩)، بزيادة فى أول.

بـبن‌و شـیره‌كه‌یان تێـدا كۆببێتـه‌وه‌و فرۆشـیار وابزانـێ ئـه‌م شـیر زۆرییـه‌ی سروشتی‌یه‌، دوایی كه‌ دۆشی بۆی ده‌ركه‌وت وانیـه‌، ئه‌گـه‌ر بـه‌و حاڵـه‌یش پێـی ڕازی بـوو، ئـه‌وه‌ گلـی ده‌داتـه‌وه‌، ئه‌گـه‌ر نه‌یویـست ده‌توانـێ بیگێڕێتـه‌وه‌ بـۆ خاوه‌نی‌و له‌جیاتی ئه‌و شیره‌ی لێی دۆشیوه‌ ربه‌ خورمایه‌كی ده‌داتێ.

له‌ ئه‌بو هوره‌یره‌وه‌ ڕیوایه‌تكراوه‌، ده‌ڵێ: كه‌ پێغه‌مبـه‌ر (دروودی خـودای له‌سه‌ر بێ) فه‌رمووی: «لاَ تُصَرُّوا الإِبِـلَ وَالْغَـنَمَ ، فَمَـنِ ابْتَاعَهَـا بَعْـدُ فَإِنَّـهُ بِخَيْـرِ النَّظَرَيْنِ بَعْدَ أَنْ يَحْتَلِبَهَا إِنْ شَـاءَ أَمْـسَكَ ، وَإِنْ شَـاءَ رَدَّهَـا وَصَـاعَ تَمْـرٍ».[1] شـیر لـه‌گوانی حوشـترو بـزن‌و مـه‌ڕدا حـه‌بس مه‌كـه‌ن وابزانـدرێ ئاژه‌ڵه‌كـه‌ شـیری زۆره‌و گوان زله‌، جا كه‌سێك ئاژه‌ڵێكی لـه‌و جۆره‌ی كـڕی ئـه‌وه‌ پـاش دۆشـینی خییاری بۆ هه‌یه‌، ده‌توانێ ئاژه‌ڵه‌كه‌ لای خۆی بهێڵێته‌وه‌ یان بیگه‌ڕێنێته‌وه‌ بۆ خاوه‌نی پێشووی‌و ربه‌ خورمایه‌كیشی له‌گه‌ڵدا بداتێ.

ریباو سود

پێناسه‌ی ریباء (ربـا) وشـه‌یه‌كی موعته‌لـه‌ بـه‌ ئـه‌لفی (مقـصورة) كۆتـایی هاتووه‌، له‌ (ربایربو) وه‌رگیراوه‌.

بنـه‌مای (ربـا) یـانی زیـاده‌و گه‌شـه‌كردن، وه‌كـوو قورئـان ده‌فـه‌رموێ: {اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ – الحج/٥} یان به‌ مانا كه‌م به‌زۆرو یه‌ك به‌دوو.

حوكمی ریبا

ریبـا بـه‌ نه‌صـصی قورئـان‌و سـوننه‌ت‌و كـۆڕای ئوممـه‌تی موسـوڵمان حه‌رامه‌و نادروست‌و ناڕه‌وایه‌.

---

[1] صحيح: (ص. ج/٧٣٤٧)، خ (٤/٣٦١/٢١٤٨)، د (٩/٣١٠/٣٤٢٦).

قورئان دهفهرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ. فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ – البقرة/٢٧٨ – ٢٧٩}.: ئەی خاوەن باوەڕان! تەقوای خودا بکەن ئەو پارە زیادەی کەلای قەرزداران هەتانە بەهۆی سەودای ریبا ئامێزەوە وازی لێ بێننو وەری مەگرنەوە ئەگەر راست دەکەن خاوەن باوەڕن، ئەگەر واز لە ریبا خۆری نەهێنن، ئەوە خۆتان ئامادە بکەن بۆ جەنگ لەگەڵ خوداو پێغەمبەرەکەی، ئەگەر تۆبە بکەنو واز لەریباو سود بێنن ئەوە بەحەلاڵی دەسمایەکەتان وەربگرنەوەو زیادەکە چەرت بکەن، نە ستەم بکەن نەبێڵن ستەمتان لێ بکرێ.

یان دەفەرموێ: {الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ – البقرة/٢٧٥}: ئەوانەی ریبا دەخۆن ڕۆژی قیامەت لەگۆڕەکانیان ڕاست نابنەوە مەگەر بەشێوەی کەسێك شەیتان دەستی لێ وەشاندبێو وەکوو شەپلە لێ دراوی لێ هاتبێو هەر گۆدە گۆدی بێ.

هەروا دەفەرموێ: {يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ – البقرة/٢٧٦}. خودا ماڵی ریبائامێز پوچ دەکاتەوەو دەیفەوتێنێ یان بەرەکەتی تێدا ناهێڵێو سودی لێ ببیندرێ.

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ». خۆتان بپارێزن لە حەوت شتی بەهیلاکبەرو فەوتێنەر، هاوەڵان عەرزیان کرد ئەو حەوت رەفتارە بەدە چین؟ فەرمووی: «الشِّرْكُ بِاللَّهِ ، وَالسِّحْرُ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ ، وَأَكْلُ الرِّبَا ، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ

الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلاَتِ».[1] هاوەڵدانان بۆ خودا، سیحرو جادوکردن، کوشتنی مرۆڤ کە خودا یاساغی کردووە مەگەر لەشێوەی حەدو قیصاصدا، خواردنی ریباو سود، خواردنی ماڵی هەتیو، هەڵاتنو پشت هەڵکردن لەرۆژی هەڵمەت بردنو غەزادا، بوختانکردن بە ئافرەتی داوێن پاكو موسوڵمان.

لە جابیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەفرینی کردووە لە ریباخۆرو بریکارەکەی، لەو کەسەی حیسابەکە دەنوسێو لەو دوو شاهیدانەی دەبنە شایەت بەسەر مامەڵەو ریباکەوە، فەرمووی: (هُمْ سَوَاءُ)[2] ئەوانە هەموویان هاوبەشی ئەو تاوانەن.

لە ئیبنو مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الرِّبَا ثَلاَثَةٌ وَسَبْعُونَ بَابًا أیسرها مثل أن ینكح الرجل أمه».[3] ریبا حەفتاو سێ جۆرە لایەنە کەمەکەیان وەکوو ئەوە وایە پیاو دایکی خۆی مارە بکا.

لە عەبدوڵڵای کوڕی حەنظەلەوە لە پێغەمبەر ریوایەت دەکا، دەڵێ: فەرمووی: «دِرْهَمُ رِباً يَأْكُلُهُ الرَّجُلُ وَهُوَ يَعْلَمُ أَشَدُّ مِنْ سِتَّةٍ وَثَلاَثِينَ زَنْيَةً».[4] دیرهەمێك لەریبا پیاو دەیخواو دەشزانێ ئەوە ریبایە تاوانەکەی لە سیو شەش زینا گەورەترە.

لە ئیبنو مەسعودەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَا أَحَدٌ أَكْثَرَ مِنَ الرِّبَا إِلاَّ كَانَ عَاقِبَةُ أَمْرِهِ إِلَى قِلَّةٍ».[5]

---

[1] متفق علیه: خ (٢٧٦٦/٣٩٣/٥)، م (٨٩/٩٢/١)، د (٢٨٥٧/٧٧/٨)، ن (٢٥٧/٢).

[2] صحیح: (مختصر م/٩٥٥) (ص. ج/٥٠٩٠)، م (١٥٩٨/١٢١٩/٣).

[3] صحیح: (ص. ج/٣٥٣٩)، ك (٣٧/٢).

[4] صحیح: (ص. ج/٣٣٧٥)، حم (٢٢٠/٦٩م١٥).

[5] صحیح: (ص. ج/٥٥١٨)، جه (٢٢٧٩/٧٦٥/٢).

هەر کەسێك بیەوێ ماڵو سامانی خۆی لەڕێگەی ریباوە زۆر بکا حەتمەن سەرەنجامی بەرەو نشوستیو کەمبوونەوە دەچێ.

جۆرەکانی ریبا

ریبا دوو جۆرە: ریبای نەسیئە (ریبای قەرزدواخستن) ریبای فەضل (ریبای زیاد دان).

ریبای نەسیئە ئەو زیدە بەمەرج گیراوەیە: کە خاوەن قەرز وەری دەگرێ لە قەرزدار لەجیاتی دواخستنی قەرزەکە، ئەم جۆرە ریبایە حەرامو یاساغە بە دەقی قورئانو سوننەتو کۆڕای ئوممەتی ئیسلام.

ریبای فەضل: ئەوەیە پارە بە پارە بفرۆشرێ، یان خۆراك بە خۆراك لایەکیان زیادەی هەبێ، ئەم جۆرەشیان بەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەرو کۆڕای ئوممەتی ئیسلام حەرامە، چونکە زەریعەو رێخۆشکەرەیە بۆ ریبای نەسیئەو سەردەکێشێ بۆ ئەو.

ئەو شتانەی ریبایان تێدایە

ریبا نایەتەدی ئیللا لە شەش جۆردا کە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دیاری کردوونو لەم حەدیثەی دوایی‌دا ئاماژەیان بۆ کراوە.

لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ مِثْلاً بِمِثْلٍ سَوَاءً بِسَوَاءٍ يَدًا بِيَدٍ فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ». [1] کە مامەڵەتان

[1] صحيح: (مختصر/٩٤٩)، م (١٥٨٧ – ١٢١١/٨١/٣).

کرد ئاوا بیکەن زێڕ بەزێڕ، زیو بەزیو، گەنم بەگەنم، جۆ بەجۆ، خورما بەخورما، خوی بەخوێ، جۆر بەجۆرو چەشن بە چەشنو یەك بەیەكو دەست بەدەستو حازر بەحازر، جا ئەگەر كاڵاكان جۆرو ڕەگەزیان لە یەك جیا بوو، وەكوو زێڕو زیو گەنمو جۆ، ئەو دروستە چۆنێكی بفرۆشن بەو مەرجەی قەرزی تێدا نەبێ، ئەگەر كاڵاكان لەیەك ڕەگەز بوونو عیللەتی ڕیباكەشیان یەك بوو دەبێ چونیەكی هەبێ لەڕوی كێشانو پێوانەوە، بەبێ ئەوەی چاكیو خراپی خودی كاڵاكان ڕۆڵیان هەبێ.

لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ تَبِيعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ إِلاَّ مِثْلاً بِمِثْلٍ ، وَلاَ تُشِفُّوا بَعْضَهَا عَلَى بَعْضٍ ، وَلاَ تَبِيعُوا الْوَرِقَ بِالْوَرِقِ إِلاَّ مِثْلاً بِمِثْلٍ ، وَلاَ تُشِفُّوا بَعْضَهَا عَلَى بَعْضٍ ، وَلاَ تَبِيعُوا مِنْهَا غَائِبًا بِنَاجِزٍ».[1] زێڕ بەزێڕ حازر بەحازر نەبێ مەیفرۆشن پاساوی بڕێكی مەدەن بەسەر بڕێكیدا لایەكیان زێدە مەكەنو لایەكیان كەمتر، زیو بەزیو مەفرۆشن مەگەر حازر بەحازرو بێ زیادو كەم هیچ لایەكیان لەوی تر زیاتر نەبێ. كاڵای نەبوو بەكاڵای حازر مەفرۆشن.

لە عومەری كوڕی خەتتابەوە ڕیوایەتكراوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ رِبًا إِلاَّ هَاءَ وَهَاءَ ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ رِبًا إِلاَّ هَاءَ وَهَاءَ ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ رِبًا إِلاَّ هَاءَ وَهَاءَ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ رِبًا إِلاَّ هَاءَ وَهَاءَ».[2] فرۆشتنی زێڕ بەزێڕ مامەڵەیەكی ڕیبائامێزە ئەگەر بە

---

[1] متفـــق علیـــه: خ (٤/٣٧٩/٢١٧٧)، م (٣/١٢٠٨/١٥٨٤)، ت (٢/٣٥٧/١٢٦١)، ن (٧/٢٧٣)، د (٩/١٩٧/٣٣٣٢).

[2] متفـق علیـه: خ (٤/٣٤٧/٢١٣٤)، وهـذا لفظـه م (٣/١٢٠٩/١٥٨٦)، ت (٢/٣٥٧/١٢٦١)، ن (٢/٢٥٧)، ن (٧/٢٧٣)، د (٩/١٩٧/٣٣٣٢).

ئەندازەی یەکترو حازر بەحازر نەبێ. فرۆشتنی گەنم بەگەنم ریبای تێدایە ئەگەر ئاواو ئاوا نەبێ. فرۆشتنی جۆ بەجۆ ریبایە ئەگەر ئاواو ئاوا نەبێ. فرۆشتنی خورما بەخورما سەودای ریبا ئامێزە ئەگەر ئاواو ئاوا نەبێ. واتە: بە ئەندازەی یەکترو دەست بەدەست بێو لە یەك مەجلیسدا بێ.

لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) خورمای تێکەڵەمان دەست دەکەوت، ئەگەر بمانویستایە خورمای باشمان دەست بکەوێ، دەهاتین دوو ربەمان لەو خورما تێکەڵەیە دەفرۆشت بە ربەیەك خورمای باش، ئەم سەوداو مامەڵەیەی ئێمە بە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) گەیشتەوە فەرمووی: «لاَ صَاعَيْ تَمْرٍ بِصَاعٍ وَلاَ صَاعَيْ حِنْطَةٍ بِصَاعٍ وَلاَ دِرْهَمَ بِدِرْهَمَيْنِ».[1] نا نا ئیشی وا مەکەن دوو ربە خورما بفرۆشن بە یەك ربە، هەروا دوو ربە گەنم مەدەن بە ربەیەك گەنم، دیرهەمێکیش مەفرۆشن بە دوو دیرهەم.

ئەگەر جۆرێك لەو شەش شتانەی باسکران بەغەیری جۆری خۆیان فرۆشران وەکوو زێڕ بەزیو یان گەنم بەجۆ دروستە زێدەیان تێ بکەوێ، بەمەرجێ حازر بەحازرو لە مەجلیسەکەدا هەردوو لایان (فرۆشیارو کڕیار) حەقی خۆیان وەربگرن، ئاماژە بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە لەوەپێش لە حەدیثی (عوبادە)دا ئاماژەی پێ کرا، کە دەفەرموێ: «فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ». هەرکاتێ ئەم کاڵایانە جۆرەکەیان جیابوو چۆن دەفرۆشن بیفرۆشن.

هەروەها ئاماژە بە فەرموودەیەکی تری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) کە ئەبو داودو هی تریش ریوایەتیان کردووە دەفەرموێ: «لاَ بَأْسَ

---

[1] متفق علیه: م (٣/١٢١٦/٥١٩٥)، خ (٤/٣١١/٢٠٨٠)، ن (٧/٢٧٢).

بِبَيْعِ الذَّهَبِ بِالْفِضَّةِ – وَالْفِضَّةُ أَكْثَرُهُمَا – يَدًا بِيَدٍ وَأَمَّا نَسِيئَةً فَلاَ وَلاَ بَأْسَ بِبَيْعِ الْبُرِّ بِالشَّعِيرِ وَالشَّعِيرُ أَكْثَرُهُمَا يَدًا بِيَدٍ وَأَمَّا نَسِيئَةً فَلاَ».[1] هیچ خراپەیەك لەوەدا نیە زێـڕ بـەزیو بفرۆشـرێ‌و زیوەكـە زیـاتر بـێ لـە زێڕەكـە. بەمـەرجێ دەست بەدەست بێ. بەڵام بە قەرز نـەبێ. هـەروەها ج خراپەیـەك لـەوەدا نیـە گـەنم بـەجۆ بفرۆشـرێ‌و جۆیەكـە زۆرتـر بـێ، بەمـەرجێ حـازر بـەحازر بـێ، بـەڵام قەرزی تێدا نەبێ.

ئەگـەر جۆرێـك لـەم شـەش جۆرانـە فرۆشـران بەغـەیری جـۆری خۆیـان عیللـەتی ریباكەشـیان جـودا بـوو، وەكـوو فرۆشـتنی زێـڕ بەگـەنم، یـان زیـو بەخوێ، زیادەو قەرزی تێكەوێ قەیناكا.

لە عائیشەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێ) خواردەمەنی لە كابرایەكی جولەكە بە قەرز كڕی، زریەكـەی خـۆی كـردە بارمتە.[2]

خاوەنی كتێبی (سبل السلام) شـەرحی (بلوغ المرام) دەڵێ: كۆڕای زانایـان لەسەر ئەوە چەسپاوە كە: دروستە فرۆشتنی كاڵای ریبائامێز بەكاڵایەكی تری ریبائامێز كە ڕەگەزیان یەك نەبێ بەزێدەترو بەقەرزیش واتە: دەتوانی گەنم بفرۆشـی بـەزێڕو جـۆ بـەزیو هـەروا شـتی تـریش لەوشـتانەی بەپێوانـە مامەڵەیان تێدا دەكرێ.

دروست نیە فرۆشتنی خورمای تازە پێگەیشتوو تەڕ بە خورمای وشكەوە بوو، مەگەر بـۆ ئـەهلی (العرایا): كـەبریتین لـەو فـەقیرو هەژارانـەی خـاوەنی درەختی خورما نین، بۆ ئەوان دروستە خورمای (رطب) لـە خـاوەن باخـەكان

---

[1] صحیح: (الإرواء ٥/١٩٥)، د (٩/١٩٨/٣٣٣٣).

[2] صحیح: (الإرواء/١٣٩٢)، خ (٤/٣٩٩/٢٢٠٠).

بكرن بۆ خواردنی خۆیان بەمەرجێ لە پێنج ویسق کەمتر بێ، ئەوانە دەتوانن خورمای (روطاب) بکرن بەخورمای وشك بەشێوەی خرصاندن.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی کردووە لە سەودا کردن بەشێوەی (المزابنة) موزابەنە: بریتییە لەفرۆشتنی میوە بەخورما بەشێوەی پێوانە، فرۆشتنی ترێ بەمێوژ بەشێوەی پێوانە.[1]

لە زەیدی کوڕی ثابیتەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) روخصەتی داوە بۆ پێڕی (عەرایا)، هەژارانی بێ باخە خورما: کە خورمای (رطب) بکرن بەشێوەی خەرصاندن، بەخورمای وشکە.[2]

لە ئەبو سوفیانەوە ئەویش لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەت دەکا، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) ڕێگەی داوە مامەڵەی (العرایا) ئەنجام بدرێ، بەمەرجێك پێنج ویسق یان کەمتر لە پێنج ویسق بێ.[3]

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەبەر ئەوە نەهی کردووە لەفرۆشتنی خورمای تەڕ بەخورمای وشك، چونکە خورمای تەڕ کە وشك بکرێتەوە کەم دەکا.

لە سەعدی کوڕی ئەبو قاصەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر کرا (دروودی خودای لەسەر بێ) دەربارەی فرۆشتنی خورمای تەڕ بە خورمای (رطب) تەڕ، فەرمووی: ئایا خورمای (روطاب) کە وشك بووەوە کەم دەکا؟ وتیان بەڵێ: ئیتر نەهی لێ کرد.[4]

---

[1] متفق علیه: خ (٢١٨٥/٣٨٤/٤)، م (١٥٤٢/١١٧١/٣)، (٢٦٦/٧).

[2] متفق علیه: م (١٥٣٩ — ٦٠/١١٦٩/٣)، خ (٢١٩٢/٣٩٠/٤)، د (٣٣٤٦/٢١٦/٩).

[3] متفق علیه: خ (٢١٩٠/٣٨٧/٤)، م (١٥٤١/١١٧١/٣)، د (٤٨٣٣/٢١٨/٩)، ت (١٣١٩/٣٨٣/٢).

[4] صحيح: (الإرواء/١٣٥٢)، د (٣٣٤٣/٢١١/٩)، جه (٢٢٦٤/٧٦١/٢)، ن (٢٦٩/٧).

دروست نیە فرۆشتنی ئەو شتانەی ریبائامێز بەرەگەزی خۆیان لەتەك یەكێكیان یان لەتەك هەردووكیاندا كالآیەكی تر هەبێ لەجینسی خۆیان نەبێ.

لە فەضالەی كوڕی عوبەیدەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: لە رۆژی غەزای خەیبەردا ملوانكەیەكم كڕی بەدوانزە دینار ملوانكەكە پێكهاتبوو لەزێڕو میرو، لێكم جیاكردنەوە بۆم دەركەوت زێڕەكە لەدوانزە دینار زیاترە، ئەمەم بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) باسكرد، فەرمووی: (لاَ تباع حتى تفصَلَ)[1] كالآی لەو جۆرە نافرۆشرێ تا لێك هەڵنەهاوێردرێ. دەبێ ئالتونو میروەكان لێك جیابكرێنەوە بەجیا بفرۆشرێن.

موزارەعە: زەوی دان بەسەپان بۆ رەدام هێنانی

موزارەعە لەزمانی عەرەبیدا بریتییە لە مامەڵەكردن لەسەر زەوی بەبڕێك لەو بەروبومەی لێی وەبەردێ.

مەبەست بە موزارەعە لێرەدا رەخساندنی زەوییە بۆ كەسێك كشتوكاڵی تێدا بكا: كە بەروبومەكەی بە نیوەیی یان ئەندازەیەكی تر بێ.

موزارەعە مامەڵەیەكی ڕەوایە

لە نافیعەوە ڕیوایەتكراوە، دەڵێ: كە عەبدوڵلای كوڕی عومەر هەواڵی پێداوە كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) موزارەعە لەگەڵ دانیشتوانی خەیبەردا كرد كە باخەكانی خەیبەر بەخێوبكەنو بەكاریان بێنن، نیوەی بەروبومەكەیان بدرێتێ.[2]

---

[1] صحيح: (الإرواء/١٣٥٦)، م (١٥٩١ — ٩٠/١٢١٣/٣)، ت (١٢٧٣/٣٦٣/٢)، (٣٣٣٦/٢٠٠٢/٩).

[2] متفق عليه: خ (٣٣٢٩/١٣/٥)، م (١٥٥١/١١٨٦/٩٣)، د (٣٣٩١/٢٧٢/٩)، جه (٢٤٦٧/٨٢٤/٢).

ئیمامی بوخاری دەڵێ: قەیسی کوڕی موسلیم لە ئەبو جەعفەرەوە ڕیوایەت دەکا کە دەڵێ: لەناو مەدینەدا ماڵە موهاجیرێك نەبووە کە سەپانی بۆ خاوەن زەویەکانی مەدینەیی‌یەکان نەکردبێ. جا هەیانبوو بەسێیەك، هەیانبوو بەچواریەك، هەریەك لەعەلیو سەعدی کوڕی مالیكو عەبدوڵلای کوڕی مەسعودو عومەری کوڕی عبدالعزیزو ئەلقاسمو عوروەو خێڵی ئەبو بەکرو خێڵی عومەرو خێڵی عەلیو ئیبنو سیرین سەپانیان کردووە.[1]

کرێو مەسرەفی رەدامهێنانی زەوی دەکەوێتە سەر کێ؟

دروستە بەگوێرەی ڕێککەوتنی سەپانو خاوەن زەوی کرێو مەسرەفی وەبەرهێنانی زەوی لەسەر خاوەن زەوی بێ یان لەسەر سەپان بێ یان لەسەر هەردوو لایان بێ.

ئیمامی بوخاری دەڵێ: ئیمامی عومەر (خودای لێ ڕازی بێ) وا لەگەڵ سەپانەکان ڕێککەوتن ئەگەر بنەتۆو لەسەر عومەر بێ نیوەی داهاتەکەی بۆ خاوەن موڵك بێ، ئەگەر بنەتۆو لە سەپانەکانەوە بێ ئەوە ڕێژەی ئەوەندە لە بەروبومەکە هەڵبگرن.

هەر بوخاری دەڵێ: ئەلحەسەن فەرموویەتی: چ خراپییەکی تێدا نیە کە زەوی هی خاوەن زەوی بیو سەپانی بۆ بگرێو هەردوو لایان مەسرەفی تێدا بکەنو بەروبومەکە بکەن بەنێوەو وەك یەك دابەشی بکەن، ئیمامی (الزهر)یش هەمان رای هەیە.

---

[1] صحیح بوخاری ج٥/١٠.

ئەوەی لە موزارەعەدا دروست نیە

دروست نیە لە مامەڵەی موزارەعەدا بگوترێ: ئەوەندەی ئەم زەوییە کە دەکرێ بەکشتوکاڵ بۆ خاوەن زەوی بێ، ئەوەندەی زەوییەکەش بۆ سەپانەکە بێ. هەروا دروست نیە خاوەن زەوی بڵێ من ئەوەندە ویسقەم بەروبوم دەوێ.

لە حەنظەلەی کوڕی قەیسەوە، ئەویش لەرافیعی کوڕی خەدیجەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: هەردوو مامەکانم بۆیان گێڕامەوە کە: ئەوان لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) زەویان بەکرێ دەگرت بۆ کشتوکاڵ بەروبومی ئەو کشتوکاڵەی لەدەم جۆگاو شوێنی ئاوا دەڕوا، یان بە بڕێك بەروبوم: کەخاوەن زەوی بۆخۆی چەرتی دەکرد، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) نەهی ئەوەی لێ کردن، حەنظەلە دەڵێ: بەرافیعم گوت: ئەی ئەگەر بەدینارو دیرهەم بێ؟ رافیع لە وەڵامدا وتی ئەگەر بەکرێ گرتنەکە بەدینارو دیرهەم بێ قەیناکا.

ئیمامی (اللیث) دەڵێ: هەرشتێك ئەگەر لێزانو شارەزا لەبواری حەڵاڵو حەرامدا بە باشی نەزانن دەچێتە بواری ئەو سەوداو مامەڵانەی نەهی لێ کراوە، چونکە موخاطەرەی تێدایە.[1]

دوبارە لە حەنظەلەوە دەڵێ: پرسیارم لەرافیعی کوڕی خەدیج کرد: دەربارەی بەکرێ گرتنی زەوی بۆ کشتوکاڵ بەزێڕو زیو؟ لە وەڵامدا وتی: چ خراپیەکی تێدانیە، خەڵك لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) زەوییان بەکرێ دەگرت لەسەر ئەو بەروبومانەی لەدەم جۆگاو شتی ئاوا دەڕوێن یان بەشێك لە کشتو کاڵ، جا واڕێدەکەوێ کشتو کاڵی دەم جۆگاو چۆمەکان دەفەوتێ، یان وادەبێ ئەوەی دەم جۆگاو چومەکان دەفەوتێو ئەوەی دوورە لێیان پێ دەگا. جا ئەگەر خاوەن زەوی بە سەپانەکە بڵێ

---

[1] صحیح: (الإرواء: ٥/٢٩٩)، خ (٥/٢٥/٢٣٤٧/٢٣٤٦)، ن (٧/٤٣).

بەروبوومی ئەو مەسافە زەوییە بۆ تۆبێ‌و ئەمەیان بۆ من بێ، لایەکیان زەرەرمەند دەبێ: بۆیە نەهێیان لێ کرا، وەڵێ ئەگەر لەسەر شتێکی دیاری کراوو مەضمون بوو، ئەوە چ خراپیەکی تێدانیە، جا شتەکە زێرِبێ زیوبێ خۆراك بێ پۆشاك بێ یان شتی تربێ. لە رەگەزی بەروبوومەکە بێ یان لە رەگەزی تر بێ. وەکوو ئیمامی نەوەوی لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا ئاماژەی پێ کردوە.[1]

ئاودێری باخ‌و درەخت بەکرێ (المساقات)

موساقات: بریتییە لە تەسلیم کردنی چەند درەختێکی دیاریکراو بەکەسێك بۆئەوەی بەخێویان بکاو ئاویان بدا لەبەرامبەر ئەم ئەرکەی‌دا بەشێکی دیاریکراو لە بەروبوومی درەختەکانی بدرێتێ جا نیوەبێ سێیەك بێ چواریەك بێ.

ئەم جۆرە گرێبەستە رەوایە، ئاماژە بەو ریوایەتەی لە ئیمامی عومەرەوە ریوایەتکراوە: کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) لەگەڵ دانیشتوانی خەیبەر رێك کەوت کە باخ‌و درەختەکانی خەیبەر بەخێوبکەن لەبارتەڤای کارەکەیاندا بەشێك لە میوەو بەروبوومەکەیان بدرێتێ.[2]

لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: یاریدەدەران (الأنصار) عەرزی پێغەمبەریان کرد کە: باخە خورماکانمان دابەش بکە لەنێوان خۆمان‌و برا کۆچکارەکانمان، فەرمووی: (نەخەیر)، ئەمجار وتیان: دەی با ئەوان ئەرکی

---

[1] صەحیحی موسلیم لە شەرحی نەوەوی ج١٠/١٩٨.

[2] متفق علیه: لەوەپێش رابورد.

بەخێوکردنی بگرنە ئەستۆ، ئێمە دەیانکەینە شەریکمان لە بەروبوومەکەدا کۆچکارەکان وتیان: زۆر باشەو ئامادەبن.[1]

زیندوکردنەوەی زەوی بەیارو بێکەس (زەوی مردوو)

پێناسەی زەوی مردوو (أرض الموات):

بریتییە لە زەوییەکی وێرانی ئاوەدان نەکراوە. ئاوەدان کردنەوەی زەوی شوبهێندراوە بە ژیانەوەی و نەکێڵان و ئاوەدان نەکردنەوەی بە مردوو.

(احیاء الموات): زیندوکردنەوەی زەوی مردو: ئەوەیە: یەکێك زەوییەك ئاوەدان بکاتەوە کە نەزاندرێ لەوەپێش ملکی کەسێکی تر بووبێ، ئەم دەست بکا بە کێڵان و بەخێوکردن و درەخت تێدا ناشتن و کشت و کاڵ تێداکردن یان بینای تێدابکا، بیری تێدا هەڵبکەنێ. ئاودێری تێدابکا. بەمە ئەو زەوییە دەبێتە ملکی ئەو.[2]

ئایینی ئیسلام بانگەوازی کردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی وێران و بێ خاوەن.

لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أَعْمَرَ أَرْضًا لَيْسَتْ لأَحَدٍ فَهُوَ أَحَقُّ»[3]: کەسێك زەوییەکی وێرانەی بێ خاوەنی ئاوەدان کردەوە ئەوە دەبێتە ملکی خۆی و ئەو لەهەموو کەس لەپێشترە بە خاوەنداریەتی ئەو زەوییە.

عوروە دەفەرموێ: ئیمامی عومەر لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا ئەم یاساو حوکمەی پەیڕەوکرد.

---

[1] صحيح: (الإرواء/١٤٧١) ، خ(٥/٨/٢٣٢٥).

[2] فتح الباری ١٨/٥.

[3] صحيح: (ص.ج/٦٠٥٧) ، خ(٥/١٨/٢٣٣٥).

له جابیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ أَحْيَا أَرْضًا مَيِّتَةً فَهِيَ لَهُ».[1] کەسێك زەوییەکی وێرانەی مردو ئاوەدان بکاتەوە ئەوە دەبێتە ملکی خۆی.

هەر لەجابیرەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ أَحَاطَ حَائِطًا عَلَى أَرْضٍ فَهِيَ لَهُ»[2]؛ کەسێك شورەی بۆ زەوییەکی بێ خاوەنی وێرانە کرد ئەوە دەبێتە ملکی ئەو.

بەکرێ گرتن (الإجارة)

ئیجارە بریتییە لە تەسلیم کردنی سودی شتێك لە بارتەقای کرێیەکدا. بەکرێ گرتن و کرێکاری کردن ڕەواو مەشروعە قورئان دەفەرموێ: {فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ – الطلاق/٦} ئەگەر ئافرەت منداڵی بۆ بەخێوکردن و شیریان پێدان ئێوە کرێیان بدەنێ.

یان لەسەر زوبانی یەکێك لەکچەکانی حەزرەتی شوعەیب دەفەرموێ: {قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ – القصص/٢٦}. یەکێك لەکچەکانی حەزرەتی شوعەیب - کە هاتنەوە بەدو حەزرەتی موسا (سەلامی خودای لێ بێ) بۆئەوەی بیبەن بۆلای باوکیان – بەباوکی گوت: ئەی باوکی خۆشەویستم ئەم پیاوە بەکرێ بگرە با شوانیمان بۆ بکاو کاری ترمان بۆ هەڵسوڕێنێ. بێگومان باشترین کەسێك کەتۆ بەکرێی بگری کەسێکە کە بەهێزو توانا بێ لەهەمان کاتدا دەست پاك و ئەمین بێ.

یان دەربارەی گەشتەکەی حەزرەتی موساو حەزرەتی خضر دەفەرموێ: {فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَنْ يَنقَضَّ فَأَقَامَهُ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَاتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا –

---

[1] صحيح: (ص.ج/٥٩٧٥) ، ت(١٣٩٥/٤١٩/٢).

[2] صحيح: (ص.ج/٥٩٥٢) ، د(٣٠٦١/٣٣٠/٨).

الكهف/٧٧}. لەکاتی گەڕانیاندا بەناو شارەکەدا بۆئەوەی یەکێك لەخۆیان بگرێو ببێتە خانە خوێیانو کەس میوانداری نەکردن، تووشی دیواری ماڵێك هاتن لاربوبوەوە خەریك بوو بڕوخێ، حەزرەتی خضر دیوارەکەی راست کردەوە، حەزرەتی موسا پێی گوت: ئەتۆ بۆ بەخۆڕایی ئەم دیوارەت راست کردەوە خۆ دەتوانی کرێیان لێ وەرگری.

لە خاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ)و ئەبوبەکر پیاوێکی خێڵی (ألدیل)یان بەکرێ گرت، پاشان پیاوێکی شارەزا بە رێگەو بانیان لە خێڵی (عەبدی کوڕی عەدی) بەکرێ گرت[1].

هەرشتێك مومکین بێ سوودی لێ ببیندرێو مادەکەی بمێنێتەوە دروستە بدرێ بەکرێ بەمەرجێ بەربەستی شەرعی نەبێ

مەرجە دەبێ شتە بەکرێ دراوەکە ئاشکراو نومایان بێو کرێیەکەش دیاریکراو بێ.

بەکرێگرتنو جۆری کارەکە

قورئان لەمیانەی چیرۆکی حەزرەتی موسا (علیە السلام)و باوکی ئەو دووکچەی کە موسا حەیوانەکانی بۆ ئاودان! کە راستتر وایە حەزرەتی شوعەیب بووبێ. لەسەر زمانی باوکی دوو کچەکە دەفەرموێ: {قَالَ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَى أَن تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِندِكَ – القصص/٢٧}. من دەمەوێ یەکێك لە ئەم دوو کچەم مارەبکەم لەتۆ

---

[1] صحيح: (الإرواء/١٤٨٩)، خ(٢٢٦٣/٤٤٢/٤).

له بارتەقای ئەوەدا هەشت ساڵ شوانیم بۆبکەی، خۆئەگەر بیکەی بە دەساڵ ئەوە پیاوەتی خۆتە.

له حەنظەلەی کوڕی قەیسەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پرسیارم لە رافیعی کوڕی خەدیج کرد دەربارەی بەکرێ گرتنی زەوی بە زێڕو زیو، لە وەڵامدا وتی: چ خراپیەکی تێدانیەو رەوایە. خەڵك لەسەردەمی پیغەمبەردا (درودی خودای لەسەر بێ) زەوی‌و شتی وایان دەدا بەکرێ لەسەر بەروبوومی کە لەدەم جۆگاو ئەمبەرەو بەری روبارو چۆمەکان دەڕوان، وادەبوو کشت‌و کاڵی دەم جۆگاو روبارەکان پێ دەگەیشتن‌و ئەو کشت‌و کاڵەی لەدەم جۆگاو دەم چۆمەکان دووربوو پێ نەدەگەیی، یان وادەبوو بە پێچەوانەوە دەبوو، بۆیە خەڵکەکە لەم جۆرە مامەڵانە مەنع کرا. وەڵێ ئەگەر بەکرێ دانەکە لەسەر شتێکی ئاشکراو مەضمون بوو ئەوە چ خراپیەکی تیدا نیە[1].

کرێی کرێکاران

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: « أَعْطُوا الأَجِيرَ أَجْرَهُ قَبْلَ أَنْ يَجِفَّ عَرَقُهُ».[2] کرێی کرێکار بدەن پێش ئەوەی ئارەقی ئیشکردنەکەی وشك ببێتەوە.

تاوانی ئەوانەی کرێی کرێکار نادەن

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: پەروەردگار دەفەرموێ: « قَالَ اللَّهُ ثَلاثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، رَجُلٌ أَعْطَى بِي ثُمَّ غَدَرَ ، وَرَجُلٌ بَاعَ حُرًّا فَأَكَلَ ثَمَنَهُ ، وَرَجُلٌ اسْتَأْجَرَ

---

[1] صحيح: (الإرواء/١٤٩٨) لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.جة/١٩٨٠)، جة(٢/٨١٧/٢٤٤٣).

أَجِيرًا فَاسْتَوْفَى مِنْهُ ، وَلَمْ يُعْطِ أَجْرَهُ». [1] سێ كەس ئەمن ڕۆژی قیامەت دژیانم‌و بەرەوڕوویان دەبمەوە.

یەكەمیان: پیاوێكە عەهدو پەیمانی لەگەڵ مندا بەستبێ‌و بەڵێنی بەمن دابێ كە بەرامبەر بەئایین دڵسۆز دەبێ‌و بەسوێند جەختی لەسەر ئەم عەهدو پەیمانە كردبێتەوە، كەچی خیانەت بكاو عەهدو پەیمانەكەی هەڵبوەشێنێتەوە.

دووەمیان: پیاوێك مرۆڤێكی ئازاد بكاتە كۆیلەو بیفرۆشێ‌و پارەكەی بخوا.

سێیەمیان: پیاوێك كرێكارێك بەكرێ بگرێ‌و ئیشەكەی پێ بكاو كرێكەی نەداتێ.

ئەوشتانەی دروست نیە كرێیان لەسەر وەربگیرێ

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – النور/٣٣} كچەكانتان ناچارمەكەن بۆ داوێن پیسی بەهیچ شێوەیەك ئەو ڕێگەیان بۆ مەكەنەوەو فێری ئەوكارە فەسادەیان مەكەن بۆئەوەی لەبارتەقای ئەو داوێنپیسییەیاندا كرێیەك وەربگرن. زۆرەملێ لەچەتیوەكانتان مەكەن بۆ لەشفرۆشی، ئەوە حەرامەو كارێكی پیسە، بەڕەوای مەزانن ڕێگای بۆخۆش بكەن‌و بتانەوێ كاڵایەكی دونیاییتان – لەئەنجامدان‌و ڕێپێدان بۆ ئەو تاوانە – دەست بكەوێ: بێگومان ڕستەی {إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا} مەرجی زۆر لێ كردنەو بەیانی ئەو واقیعەیە: كە ئایەتەكە بەهۆیەوە نازڵ بوو. مانای ئەوە ناگەیەنێ ئەگەر چەتیوو كەنیزەكەكان زۆریان لێ نەكرێ‌و بەئارەزوی خۆیان بێ قەیناكا! واتە: قەیدی ئیرادەی {تحصن}و مەبەستی ماڵ پەیداكردن بەوكارە

---

[1] حسن: (الإرواء/١٤٨٩)، خ(٤/٤١٧/٢٢٢٧).

مەفهومی موخالەفەیان نیەو قەیدی بەیانی واقیعن، جا کەسێك زۆرە ملێ لەچەتیوەکان بکا، بەجەخت زینایان پێ بکا، ناچاریان بکا لەشفرۆشی بکەن، ئەوە پەروەردگار بۆ ئەوان – پاش ئەم زۆر لێ کردنە – لێبوردەیەو لێیان خۆش دەبێ، لەسەر ئەو تاوانە سزایان نادا.

لە جابیرەوە ریوایەتکراوە: کە عەبدوللای کوڕی ئوبەی کوڕی ئەبو سەلول (جاریة)یەکی هەبوو ناوی (مُسَيْكَة) بوو، یەکێکی تریشی هەبوو ناوی (أميمة) بوو، عەبدوللای کوڕی ئوبەی ناوبراو ناچاری دەکردن زینابکەن، ئەوانیش چوونە خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) شکایەتیان کردو وەزعو حالی خۆیانیان بۆ رونکردەوە. ئیتر پەروەردگار ئایەتی {وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاء إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – النور/٣٣}.[1]

لە ئەبو مەسعوودی ئەلئەنصارییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە فرۆشتنو وەرگرتنی بەهای سەگو کرێی زیناو شیرینی فالگرەوەو کولەوەنانی.[2]

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەهی کرد لە وەرگرتنی پارەی پەڕاندنو تۆماوی ئەسپ.[3]

کرێی خوێندنی قورئان

لە عەبدورەحمانی کوڕی شیبلی ئەلئەنصارییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: بەگوێی خۆم ژنەوتم پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو:

---

[1] صحيح: (مختصر م/٢١٥٥)، م(٢٠٢٩-٣-٢٧/٢٣٢٠/٤).

[2] لەوەپێش لەباسی (ئەو شتانەی فرۆشتنیان دروست نیە) تێپەڕی.

[3] لەوەپێش لەباسی (ئەو شتانەی فرۆشتنیان دروست نیە) تێپەڕی.

«اقْرَءُوا الْقُرْآنَ وَلاَ تَأْكُلُوا بِهِ وَلاَ تَسْتَكْثِرُوا بِهِ وَلاَ تَجْفُوا عَنْـهُ وَلاَ تَغْلُـوا فِيـهِ».[١]
قورئان بخوێنن، نانی پێوه مەخۆن، خۆتـانی پـێ دەوڵەمەنـد مەکـەن، وازی لێ مەهێنن‌و پاشگوێی مەخەن‌و لێی دوور مەکەونەوه، زێدەڕەویشی تێدامەکەن.

لـه جـابیری کـوڕی عەبـدوڵڵاوه ڕیوایـەتکراوه، دەڵـێ: پیغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) هاته ناومان لەوکاتەدا ئێمـه سـەرگەرمی قورئـان خوێنـدن بووین تێمانـدابوو عـەرەبی زمـان‌و تێمانـدابوو ناعـەرەب، فـەرمووی: «اقْـرَءُوا الْقُـرْآنَ فَكُـلٌّ حَـسَنٌ وَسَـيَجِيءُ أَقْـوَامٌ يُقِيمُونَـهُ كَمَـا يُقَـامُ الْقِـدْحُ يَتَعَجَّلُونَـهُ وَلاَ يَتَأَجَّلُونَـهُ».[٢] قورئـان بخـوێنن‌و سـەرگەرمی خوێنـدنی بـن هـەموو قورئـان خوێندنەکەتان باش بوو، لەوه بەولاوه کەسانێك پەیدادەبن قورئان بەوپـەڕی ڕێـك‌و پێکـی دەخـوێنن‌و زۆرجـوان موراعـاتی یاسـای تەجویـدو تـەرتیلی تێدادەکـەن‌و زۆر زێـدەڕەوی دەکـەن لەچـاك خوێندنیـدا، دەیکەنـه وەسـیلەو هۆکار بۆ دابینکردنی بژێوو پاداشی دونیا، هیچ مەبەسـتیان ئەوەنیـه پاداشـی قیامـەتی پـێ وەربگـرن. کـاڵای دونیـای بـێ بـەقا بەسـەر پاداشـی قیامـەتدا تەفضیل دەدەن.

لـه ئـەبو سـەعیدی خودرییـەوه ڕیوایـەتکراوه: کـه بـەگوێی خـۆی لـه پیغەمبەری بیستووه فەرموویـەتی: (تعلّموا القرآن، وسلوا الله به الجنـة قبـل ان يتعلّمه قوم يسألون به الدنيا، فان القـرآن يتعلمـه ثلاثـة رجـل يبـاهي بـه، ورجـل يستأكل به ورجل يقـرأه لله)[٣]: فێـری قورئـان بـبن، داوا لـەخودا بکـەن بـەهۆی قورئانـەوه بتانخاتـه بەهەشـتەوه، پـێش ئـەوه کەسـانێك پەیـدابین بـەهۆی قورئانەوه دونیا خۆری بکەن، چونکه قورئـان سـێ جۆر خـەڵك فێـری دەبـێ.

---

[١] صحيح: (ص.ج/١١٦٨)، حم(١٥/١٢٥/٣٩٨).

[٢] صحيح: (الصحيحة/٢٥٩)، د(٣/٥٨/٨١٥).

[٣] صحيح: (الصحيحة/٤٦٣)، رواه ابن نصر في قيام الليل ص٧٤.

پیاوێك بۆ شانازی پێكردنو خۆهەڵنانەوە فێری بێو بیخوێنێ، پیاوێك دونیا خۆری پێ بكاو بیكاتە هۆی نان پەیداكردن، پیاوێك ساغ لەبەر ڕەزای خودا فێری بێو بیخوێنێ.

كاسبی كردنو پارە بەگەڕخستن بە هاوبەشی (ألشركة)

ئەم جۆرە گرێ بەستو عەقدە ئەوەیە دووكەس یان زیاتر بە ویستی خۆیان ڕێك بكەون ماڵو پارەی خۆیان تێكەڵاو بكەنو بەگەڕی بخەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج ((جاری واهەیە قازانج دەستەبەر دەبێ بەبێ مەبەست، وەكوو میرات گرتن)) ئەم ماڵ تێكەڵاوكردنە مەشروعو ڕەوایە، قورئان دەفەرموێ: {وَإِنَّ كَثِيراً مِنْ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَا هُمْ – ص/٢٤}

یان دەفەرموێ: {وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلاَلَةً أَو امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ فَإِن كَانُوَاْ أَكْثَرَ مِن ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاء فِي الثُّلُثِ – النساء/١٢}.

لە (ألسائب)ەوە ریوایەتكراوە: كە بەپێغەمبەری گوت: ئەتۆ لەسەردەمی نەزانیدا هاوبەشم بووی، باشترین هاوبەش بووی، {كنت لا تدارينى ولا تمارينى}[1].

شەراكەتی شەرعیو پەسەند

ئیمامی شەوكانی لە (ألسيل الجرار)دا ج٣/٢٤٦-٢٤٨ دەفەرموێ: شەراكەتی شەرعی بە دەستەبەربوونی ڕەزامەندی لەنێوان دوو كەسدا یان زیاتر، بەمەرجێ هەریەكێ لە هاوبەشەكان ئەندازەیێ لەماڵی خۆی تەرخان بكاو لەگەڵ ماڵی شەریكەكەیدا تێكەڵاوی بكا، پاشان لەم ڕێگەیەدا هەوڵی

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٨٥٣)، جة(٢/٧٦٨/٢٢٨٧).

بەگەڕخستنیو قازانج لێ کردن بدەن، کە لەئاکامدا هەرکەسەیان بەگوێرەی (رأس المال)ەکەی قازانجو زەرەری بۆ دیاری بکرێ. هەر بەگوێرەی دەستمایەکەیان خەرجو باجی مەشروعەکەیان دەربکرێ. ئەگەر لەناو خۆیاندا شەریکەکان رێك کەوتن کە قازانجیان بە یەکسانی بێ هەرچەند سەرمایەکەیان جوداوازی تێدابێ ئەوە دروستە، تەنانەت ئەگەر دەستمایەی یەکێکیان زۆر لەوی تریان زیاتریش بێ. چونکە ئەوە بازرگانیکردنێکە بە رەزامەندی هەردووکیانو چاوپۆشی کردنو موسامەحەیە بەدڵ.

بازرگانیکردن بەپارەی یەکێکی ترەوە (المضاربة)

دەگوترێ (ضرب في الأرض): واتە: بەمەبەستی بازرگانی بەناو زەویدا گەڕا. قورئان دەفەرموێ: {وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّـهِ – المزمل/٢٠} واتە: کۆمەڵێکی تر کە بەناو زەویدا دەگەڕێن بە مەبەستی بازرگانیکردن هەوڵو تەقەڵلایانە بۆ بەدەستهێنانی فەزڵو بەخششی خودا. ئەم جۆرە کاسبیکردنە پێشی دەگوترێ: (قیراض) لەم روەوە: کە خاوەن پارە بەشێك لە ماڵو سامانەکەی دادەبڕێ بۆئەوەی بیخاتە گەڕ بەدەستی یەکێکی تر بەمەبەستی دەستکەوتنی قازانجو سود.

مەبەست بە موضارەبە لێرەدا بریتییە لە گرێبەستێك لەنێوان دووکەسدا، یەکێکیان بڕێك پارە دەدا بە ئەویتر بۆئەوەی بازرگانی پێوەبکاو قازانجەکەش لەنێوانیاندا بەو ئەندازەیەی لەسەری پێك دێن.

مامەڵەکردن بەشێوەی موضارەبە رەوایەو شەرع پەسەندی دەکا... ئیبنولونذیر لە کتێبەکەیدا کە ناوی (الإجماع)ە لاپەڕە/١٢٤ دەڵێ: کۆڕای زانایانی ئیسلام لەسەرئەوە بەستراوە: کە قیراضو موضارەبە بە دینارو درەم رەوایەو هیچ خراپیەکی تێدانیە.

هەروا کۆڕایان هەیە لەسەرئەوە: کە دروستە بۆ کابرای بازرگان بیکاتە مەرج بەسەر خاوەن پارەکەوە سێیەکی قازانجی بداتێ یان نیوەی قازانج یان هەر ئەندازەیەك کە لەسەری پێکدێن، بەمەرجێ ئەندازەکە دیاریکراو بێ و بەشێك بێ لەماڵە وەگەڕخراوەکە، بێگومان هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەم جۆرە مامەڵەیان ئەنجام داوە.

لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ئەویش لە باوکییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: عەبدوڵڵاو عوبەیدڵلا هەردوو کوڕی عومەری خەطاب لەگەڵ سوپایەکدا دەردەچن بۆ وڵاتی عێراق، جا کەدەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ مەدینە دەچنە لای ئەبو موسای ئەشعەری: کە ئەوکاتە ئەمیری شاری بەصرە بووە. ئەویش زۆر بەرو خۆشییەوە پێشوازییان لێ دەکا. دوای قسەو گفتوگۆ ئەبو مووسا پێیان دەڵێ: ئەگەر بمتوانیایە کارێکم بۆ بکردنایە لێیەوە سودمەند بوونایە بۆم دەکردن. پاشان کەمێ بیر دەکاتەوە دەڵێ ئێستا من بڕێکم پارەی بەیتولمال لایە دەمەوێ بینێرم بۆلای خەلیفەی موسوڵمانان، ئەگەر من لێرە بتاندەمێ کاڵای پێ بکڕن لەمەدینە بیفرۆشنەوە، ئەوجا دەستمایەکە رادەستی خەلیفە بکەن و قازانجەکە لەناو خۆتاندا دابەش بکەن!؟

وتیان: زۆرمان پێ خۆشە، ئەویش پارەکەی رادەست کردن و نامەیەکی بۆ خەلیفە عومەر نووسی، کە سەرمایەکەیان لێ وەربگرێ، جا کە گەیشتنەوە مەدینە ماڵەکەیان فرۆشت و قازانجی باشیان لێ کرد، ئەمجا: کە سەرمایەکەیان برد تەسلیمی خەلیفە عومەری بکەن، حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئایا ئەم پارە سلفەیە دراوە بەهەموو سوپاکە؟ ئەوانیش وەکوو ئێوە پارەی بەیتولمالیان دراوەتێ کاڵای پێ بکڕن و لێرە بیفرۆشنەوە قازانجی لێ بکەن؟ وتیان: نەخەیر بەس ئەو مامەڵە لەگەڵ ئێمە کراوە، حەزرەتی عومەر فەرمووی: کوڕانی ئەمیری موسوڵمانانن و سلفەتان دراوەتێ، ئێستا دەتانەوێ سەرمایەکە تەسلیم

بكەن‌و بۆی دەربچن!! نەخـەیر شـتی وا نابـێ، دەبـێ سـەرمایەو قازانجەکـەش تەسلیم بە بەیتولمال بکەنەوە. عەبدوڵڵا بێدەنگ بوو (عوبەیدللا) وتی: ئـەی فـەرمانڕەوای موسـوڵمانان شـتی وا نابـێ ئـەتۆ مـافی ئـەوەت نیـە ئـەم غـەدرە لەئێمە بکەی! خـۆ دیـارە ئەگـەر ماڵەکە بفەوتایـە یـان کـەمی بکردایـە ئێمـە دەبوایە بـەرعودەی بـین، حـەزرەتی عومـەر فـەرمووی: نەخـەیر، ئـیللا دەبـێ دەستمایەو قازانج رادەستی بەیتولمال بکـەن، عەبـدوڵڵا بێـدەنگ دەبـێ، بـەڵام عوبەیدللا هەر سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆیی‌و داوای لە خەلیفە کرد کە رایەکەی پەسـەند بکـا، هـەتا یـەکێك لـە دانیـشتوانی مەجلیسەکە وتـی: ئـەی ئەمیری موسوڵمانان! بۆچی بۆیان ناکەی بە (قیراض) نیـوەی قـازانج‌و هـەموو سەرمایەکەیان لێ وەربگـرە، عومـەر فـەرمووی: ئـەوا کـردم بـە (قـیراض) ئـیتر خەلیفـە عومــەر سـەرمایەو نیـوەی قازانجەکـەی لێ وەرگـرتن‌و عەبـدوڵڵاو عوبەیدیللا دوو کوڕەکەی خەلیفە، نیوەی قازانجەکەیان لەناو خۆیـان دابـەش کرد[1].

ئەوکەسەی بازرگانی دەکاو پارەی سەرمایەدارەکە وەگەڕ دەخا ئەمینە

موضارەبە بەرەهایی‌و بە سنورداریی رەوایە، پارە وەگەڕخەرەکە ئەمین‌و بـاوەڕپێکراوە، کەمتەرخـەم‌و دەسـتدرێژکار نـەبێ نابێتـە زامـن‌و زیـانی پـێ ناژمێردرێ.

ئیبنولمونـذیر دەڵـێ: کـۆڕای زانایـان لەسـەرئەوە چەسـپاوە: کـە خـاوەن پـارە هەرکاتێك نەهی لە پارەگێڕەکە کرد شت بەقەرز نەفرۆشێ‌و بەقەرز فرۆشتی زامن دەبێ.[2]

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٩١/٥)، ط(١٣٨٥/٤٧٩)، هق(٦/١١٠).

[2] الإجماع ص١٢٥.

لـە حـەزیمی کـوڕی حیزامـەوە: کـە هـاوەڵی پیغەمبـەر (درودی خـودای لەسەر بێ) بوو وا گێڕدراوەتـەوە: کـە هـەرکاتێك پـارەی بدایـە بـە ئـاڵو وێـڵ کەرێك بۆ وەگەڕخستنو کاسبی پێوەکردن مەرجی ئەوەی لەسەر کابرای پـارە وەگەڕخـەر دادەنـا، کـە نابـێ پارەکـەم بـدەی بـە گیانلەبـەر، نەچـی ئـاژەڵو پەلەوەری پێ بکڕی، نابێ ماڵەکەی بخاتە ناو دەریاو بە دەریادا بیگوێزێتـەوە، نەیخاتە شوێنی وا لافاو بیگێڕێتەوە. لەدەم روبارو نزیك ئـاو دای نـەنێ. پێـی دەگوت: ئەم مەرجانە جێبەجێ نەکەی ئەتو زامنی ماڵەکـەیو هەرشـتێکی لێ هات دەبێ قەرەبووم بکەیەوە.[1]

(ألسلم)

سەلەم کە (سـەلەف)یـشی پـێ دەگـوترێ. بریتییـە لەفرۆشـتنی کاڵایـەکی دیاریکراوی وەصفدارکراو لە زیممەی فرۆشیاردا بە پارەیەکی حازر.

ئەم جۆرە مامەڵەیە مەشروعو رەوایە ئاماژە بە ئایـەتی {يَـا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَـلٍ مُّـسَمًّى فَـاكْتُبُوهُ – البقـرة/٢٨٢} ئـەی خـاوەن بڕوایـان ئەگـەر پارەیـەکتان دا بەیـەکێك بەقـەرز بـۆ ماوەیـەکی دیـاریکراو بینووسن.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: من شایەتی دەدەم کـە سـەلەمی مـەضمون تـا کاتێکی دیاریکراو خودا لە قورئاندا حەڵاڵی کردووەو ئیزنی پـێ داوە. ئـەمجار ئایەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم......}ی خوێندەوە[2].

هەر لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبـەر (درودی خـودای لەسەر بێ) کە تەشریفی کۆچیکرد بۆ مەدینە لەو رۆژگـارەدا دانیـشتوانەکەی

---

[1] صحیح الإسناد (الإرواء/٥/٢٩٣)، قط(٢/٦٣/٢٤٢)، هق(٦/١١١).

[2] فقه السنة ج٣/١٧١.

مامەڵەی سەلەمی خورمایان دەکرد بۆ ماوەی دوو ساڵو سێ ساڵ، ئەویش دەربارەی ئەم جۆرە مامەڵەیە فەرمووی: «مَنْ أَسْلَفَ فِي شَيْءٍ فَفِي كَيْلٍ مَعْلُومٍ وَوَزْنٍ مَعْلُومٍ، إِلَى أَجَلٍ مَعْلُومٍ» [1] کەسێك سەلەمی لە شتێکدا کرد با پێوانەکەی دیاریکراوبێو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێ.

سەلەم کردن لەگەڵ کەسێك کە خاوەنی کاڵا سەلەم پێکراوە کەنەبێ مەرج نیە لە سەلەمدا کابرای پارەوەرگر خاوەنداری کاڵاکە بێ

لە موحەممەدی کوڕی ئەبولموجالیدەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی شەدادو ئەبو بوردە منیان نارد بۆلای عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفا (رەزای خودا لەهەموویان بێ) پێیان گوتم برۆ پرسیاری لێ بکە ئاخۆ هاوەڵانی پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەسەردەمی پیغەمبەردا سەلەمیان لە گەنمدا دەکرد؟ دەڵێ: عەبدوڵڵا وتی: ئێمە ئەو رۆژگارە لەگەڵ نەبەطییەکانی وڵاتی شام سەلەممان دەکرد لە گەنمو جۆدا لە زەیتدا بە پێوانەیەکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، وتم: ئێوە پارەکانتان دەدا بەکەسانێك کە مالیکی ئەو کاڵا سەلەم تێداکراوە بوو؟ وتی: ئێمە پرسیاری ئەوەمان لێ نەدەکردنو ئەوەندە لێمان نەدەکۆڵییەوە، ئەمجار ناردیانم بۆ لای (عبدالرحمن)ی کوڕی (أبزی) پرسیارم لێ کرد، فەرمووی: هاوەڵانی پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەسەردەمی ژیانی پیرۆزیدا سەلەمیان دەکرد بەشێوەیەکی بەرفراوان کەسیشمان پرسیاری لە کابرای پارەوەرگرو سەلەم لەگەڵ کراو نەدەکرد ئاخۆ ئەوانە زەویو زاری کشتو کاڵیان هەیە یان نا؟[2]

---

[1] صحيح (الإرواء/١٣٦٩)، ك (٢/٢٨٦)، هق (٦/١٨).

[2] صحيح: (الإرواء/١٣٧٠)، خ(٢٢٤٤/٤٣٠/٤) وهذا لفظه د(٣٤٤٧/٣٤٩/٩)، ن(٢٩٠/٧)، ج(٢٢٨٢/٧٦٦/٢).

(ألقرض) قەرز

قەرز ماڵێکە خاوەن قەرز دەیدا بە قەرزکەر بۆئەوەی لەدواییدا: کە توانای دانەوەی قەرزەکەی بوو بەبێ زیادو کەمو لەهەمان ماڵو کاڵاو پارە قەرزەکەی بداتەوە.

لە زمانی عەرەبیدا (قرض) بەمانا دابڕینو جیاکردنەوەیە لەم ڕووەوە خاوەن قەرز بەشێك لەماڵی خۆی جیادەکاتەوەو دەیدا بەو کابرایەی داوای قەرزی لێ کردوە[1].

لە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ».[2] هەر موسوڵمانێك دەروویەك لە موسوڵمانێك بکاتەوەو لە تەنگژەیەکی جیهان دەربازی بکا، پەروەردگار لەڕۆژی قیامەتدا دەرووی ڕەحمەتی لێ دەکاتەوە، کەسێك یارمەتی دەستکورتێك بدا لەدونیاداو ڕێگای ژیانی بۆ ئاسان بکا، خودا لەدونیاو قیامەتدا ڕێگای بۆ ئاسان دەکا، پەروەردگار لە هاریکاری بەندەی خۆیدایە هەتا بەندەکە هاریکاری برای موسوڵمانی بکا.

لە ئیبنو مەسعوودەوە ڕیوایەتکراوە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُقْرِضُ مُسْلِمًا قَرْضًا مَرَّتَيْنِ إِلاَّ كَانَ كَصَدَقَتِهَا مَرَّةً».[3] واتە: هەر موسوڵمانێك دووجار قەرز بدا بە موسوڵمانێك وەکوو ئەوە وایە جارێك ئەو بڕە پارەیەی بەخێر بداتێ.

---

[1] فقه السنة ج٣/١٨٢.

[2] صحيح: (مختصر مسلم/١٨٨٨)، م(٤/٢٠٧٤/٢٦٩٩)، ت(٤/٢٦٥/٤٠١٥)، د(١٣/٢٨٩/٤٩٢٥).

[3] حسن: (الإرواء/١٣٨٩)، جة(٢/٨٠٦/٢٤١٢)، ت(٣/٦٨/١٦٢١).

قەرزداریو زێدەڕۆیی تێیدا

لە ئەوبانەوە کە مەولای پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بوو ریوایەتکراوە: کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «مَنْ فَارَقَ الرُّوحُ الْجَسَدَ وَهُوَ بَرِيءٌ مِنْ ثَلاَثٍ دَخَلَ الْجَنَّةَ مِنَ الْكِبْرِ وَالْغُلُولِ وَالدَّيْنِ».[1]: کەسێك گیانی لەجەستەی جیابێتەوەو لەسێ شت بەری بێ، دەچێتە بەهەشتەوە، لە کیبرو خۆ بەزلزانی، لە غەشو خیانەت، لە قەرزداری.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «نَفْسُ الْمُؤْمِنِ مُعَلَّقَةٌ بِدَيْنِهِ حَتَّى يُقْضَى عَنْهُ»[2]: گیانی موسوڵمان پەیوەستە بە قەرزەکەیەوە هەتا قەرزەکەی بۆ دەدرێتەوە.

لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ دِينَارٌ أَوْ دِرْهَمٌ قُضِيَ مِنْ حَسَنَاتِهِ لَيْسَ ثَمَّ دِينَارٌ وَلاَ دِرْهَمٌ»[3]: کەسێك بمرێ دینارو دیرهەمی لەسەربێ لە چاکەکانی قەرزەکانی دەدرێتەوە لە رۆژێکدا، لەشوێنێکدا دینارو دیرهەم نیە.

لە ئەبو قەتادەوە گێڕدراوەتەوە فەرموویەتی: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هەڵسایە سەرپێ وتارێکی بۆ داین تێیدا فەرمووی: جیهاد لەرێگەی خوداداو ئیمان بەخودا گەورەترین کردەوەی باشی مرۆڤە. پیاوێك هەڵسایە سەرپێو وتی: ئەی پیغەمبەری خودا! ئایا ئەگەر من لەرێگەی خودادا گیانم لەدەست دا ئایا تاوانەکانم دەشۆرێنەوە؟ پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووی: بەڵێ ئەگەر تۆ لەرێگەی خودادا بکوژرێیو

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٩٥٦)، جة(٢٤١٢/٨٠٦/٢)، ت(١٦٢١/٦٨/٣).

[2] صحيح: (ص.ج/٦٧٧٩)، (المشكاة/٢٩١٥)، ت(١٠٨٤/٢٧٠/٢).

[3] صحيح: (ص.جة/١٩٥٨)، جة(٢٤١٤/٨٠٧/٢).

خۆگربیو بەتەمای پاداشی باشی خودا بی، هەڵمەت بەریو پشت هەڵنەکەی بەرەو ڕووی دوژمن برۆیە پێشەوەو هەڵنەیەی، پاشان پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: ئەری تۆ پرسیارەکەت چۆن کردو وتت چی؟ وتی ئایا ئەگەر من لەرێگەی خودادا کوژرام ئایا ئەو کوژرانەم دەبێتە کەفارەتی تاوانەکانم؟ پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «نَعَمْ إِنْ قُتِلْتَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ إِلاَّ الدَّيْنَ فَإِنَّ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ قَالَ لِي ذَلِكَ».[1] بەڵێ ئەگەر بەڕاستی لەرێگەی خودادا گیان بەخت بکەیو خۆراگر بیو بەهیوای پاداشی دوارۆژ بی، لەکاتی شەڕدا هێرش بەریو پشت هەڵکردو نەبی، هەموو گوناهێکت لەکۆڵ دەکەوێ جگە لەقەرز، جوبرائیل سەلامی خودای لێ بێ ئەو حوکمەی پێ ڕاگەیاندم.

کەسێك ماڵی خەڵك وەربگرێ بیەوێ بیداتەوە یان بیفەوتێنێ

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خودای لێ بێ) لە پیغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «مَنْ أَخَذَ أَمْوَالَ النَّاسِ يُرِيدُ أَدَاءَهَا أَدَّى اللَّهُ عَنْهُ، وَمَنْ أَخَذَ يُرِيدُ إِتْلاَفَهَا أَتْلَفَهُ اللَّهُ».[2] کەسێك پارەی یەکێك وەربگرێ بە قەرزو نیازی دانەوەی بێ خودا یارمەتی دەداو دیداتەوە، کەسێکیش ماڵێك وەربگرێ بەقەرزو بەهیوای نەدانەوەی، خودا ماڵەکەی دەفەوتێنێو ناتوانێ بیداتەوە.

لە شوعەیبی کوڕی عەمرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: صوهەیبول خەیر لە پیغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێ) بۆی گێڕاینەوە، کە فەرموویەتی: «أَيُّمَا رَجُلٍ يَدَيَّنُ دَيْنًا وَهُوَ مُجْمِعٌ أَنْ لاَ يُوَفِّيَهُ إِيَّاهُ لَقِيَ اللَّهَ سَارِقًا».[3] هەر

---

[1] صحيح: (الإرواء/١١٩٧)، م(١٨٨٥/١٥٠١/٣)، ت(١٧٦٥/١٢٧/٣)، ن(٣٤/٦).

[2] صحيح: (ص.ج/٥٩٨)، خ(٢٣٨٧/٥٣/٥).

[3] حسن صحيح: (ص.جة/١٩٥٤)، جة(٢٤١٠/٨٠٥/٢).

مرۆڤێك قەرزێك وەرگرێ‌و نیازی وابێ نەیداتەوە رۆژی قیامەت بەخزمەت پەروەردگاری دەگاتەوە بە دز حیساب دەگرێ.

فەرمانکردن بەدانەوەی قەرز

قورئان دەفەرموێ: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا – النساء/٥٨}: پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکا کەسپاردەو ئەمانەتەکان بدەنەوە بەخاوەنەکانیان، هەرکاتێکیش کێشەو نیزاعی خەڵکتان یەکالاکردەوەو لەناو مەردوومدا بوون بەفەرمانڕەواو دادوەر بەدادپەروەری حوکمی نێوانیان بکەن‌و عەدالەت بخەنە گەڕ، بێگومان پەروەردگار پەندو ئامۆژگاری باشتان دەکاو رێگای ڕاستتان نیشان دەدا... بێگومان پەروەردگار شنەواو بینایە بەکردارو گوفتاری هەموو کەس.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێ: {فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ – البقرة/٢٨٣}. ئەگەر برێکتان هەبوو دڵنیابوو: کە ماڵەکەی ناخورێ‌و لەکاتی خۆیدا بابای قەرزدار قەرزەکەی دەداتەوە، ئەوە بارمتەوەرگرتن پێویست نیە. بەڵام پێویستە قەرزدار بتمانەی خۆی بپارێزێ، ئەو بتمانەیەی کەخاوەن قەرز پێی هەبوو بەبێ بارمتە قەرزی داوەتێ، نەهێڵێ ئەو بتمانەیە بفەوتێ، لەخودا بترسێ خیانەتی لێ نەکا.

قەرزدانەوەی پەسەندو باش (حسن القضاء)

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیاوێك حوشترێکی بەقەرز لای پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بوو، داوای قەرزەکەی لێ کردەوە، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: {أَعْطُوهُ} قەرزەکەی بدەنەوە، هەوڵدرا ئەوکاتە حوشترێکی لەو جۆرە پەیدا بکەن‌و بیدەنەوە،

حوشترێکیان دەست نەکەوت لەو جۆرە، ئەوەی دەستیان کەوت حوشترێك بوو سالێك تەمەنی سەروتر بوو فەرمووی: ئەوەی بدەنەوە کابرا وتی: باشتر لەهی خۆمت دامەوە، خودا باشترت بۆ پڕ بکاتەوە، پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «إِنَّ خِيَارَكُمْ أَحْسَنُكُمْ قَضَاءً»[1] باشترین کەسانی ئێوە ئەوانەن: کە بەباشی قەرزەکانیان دەدەنەوە.

لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە (ڕەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: هاتمە خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) تەشریفی لە مزگەوت بوو، (میسعەر) دەفەرموێ: پێم وابوو وتی: کاتەکە چێشتنگاو بوو، فەرمووی: دوو ڕکات نوێژ بکە، من قەرزێکم لای پیغەمبەرە (درودی خودای لەسەر بێ) قەرزەکەی دامەوەو زیادەشی دامێ[2].

لە ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵلای کوری ئەبو رەبیعە ئەلەخزومی‌یەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەباپیریەوە ریوایەتکراوە، کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەسەروبەندی غەزای حونەیندا سی هەزار یان چل هەزاری لێ قەرز کردووە، کە لەغەزاکە هاتەوە قەرزەکەی داوەتەوە، پاشان پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرموو: «بَارَكَ اللَّهُ لَكَ فِي أَهْلِكَ وَمَالِكَ إِنَّمَا جَزَاءُ السَّلَفِ الْوَفَاءُ الْحَمْدُ»[3] خودا بەرەکەت بخاتە ماڵو منداڵتەوە، پاداشی قەرز، دانەوەیەتیو سووپاسگوزارییە.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٥/٢٢٥)، خ(٤/٥٨/٢٣٩٣)، م(٣/١٢٢٥/١٦٠١)، ن(٧/٢٩١)، ت(١/٣٨٩/١٣٣٠).

[2] صحيح: خ(٥/٥٩/٢٣٩٤)، د(٩/١٩٧/٣٣٣١).

[3] حسن: (ص.جة/١٩٦٨)، جة(٢/٨٠٩/٢٤٢٤)، ن(٧/٣١٤).

جوان داواکردنەوەی قەرز

لە ئیبنو عومەرو خاتو عائیشەوە ریوایەتکراوە، کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ طَالبَ حَقًّا فَلْيَطْلُبْهُ فِي عَفَافٍ وَافٍ أَوْ غَيْرِ وَافٍ».[1] کەسێك داوای قەرزێکی خۆی کردەوە کە لەسەر قەرزدارێك بوو با بەجوانی داوای بکاتەوەو لەگەڵ بابای قەرزدار نەرمو نیان بێ، جا بابای قەرزدار بیداتەوە یان نەیداتەوە.

مۆڵەتدانی قەرزداری نەبوو

پەروەردگار دەفەرموێ: {وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ – البقرة/٢٨٠} ئەگەر قەرزدارەکە هەژارو نەدارا بوو، ئەوە با مۆڵەت بدرێ تا دەستی بەرخۆی دەکەوێتەوەو لەتەنگانەی نەبوویی ڕزگاری دەبێ، خۆ ئەگەر لە قەرزەکەش خۆش ببن ئەوە زۆر باشە بۆ ئێوە ئەگەر ئێوە بزانن.

لە حوزەیفەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: ژنەوتم لە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) دەیفەرموو: «مَاتَ رَجُلٌ ، فَقِيلَ لَهُ: ماكنت تقول؟ قَالَ كُنْتُ أُبَايِعُ النَّاسَ ، فَأَتَجَوَّزُ عَنِ الْمُوسِرِ ، وَأُخَفِّفُ عَنِ الْمُعْسِرِ ، فَغُفِرَ لَهُ»[2]: پیاوێك مرد پرسیاری لێ کرا لەو دونیادا هەڵسوکەوتت چۆن بوو لەگەڵ مەردووم،؟ وتی: بازرگان بووم شتم بەخەڵك دەفرۆشت، عادەتم وابوو مۆڵەتی قەرزداری دەوڵەمەندم دەداو بۆ قەرزداری نەبوو هەژاریش بارسوکیم بۆ دەکردنو لەبڕێکی یان لە هەمووی خۆش دەبووم، بەهۆی ئەم هەڵوێستە مەردانەیەوە لێخۆشبوونی پەروەردگاری بەدەست هێنا.

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٩٦٥)، جه(٢٤٢١/٨٠٩/٢).

[2] صحيح: (ص.جة/١٩٦٣)، خ(٢٣٩١/٥٨/٥).

لــه ئەبوليوســرا: كــەهاوەڵی پيغەمبــەر بــوو، ريوايــەتكراوە، دەڵــێ: پيغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أَحَـبَّ أَنْ يُظِلَّـهُ اللَّـهُ فِـي ظِلِّهِ – فَلْيُنْظِرْ مُعْسِرًا أَوْ لِيَضَعْ لَهُ».[1] كەسێك پێی خۆشبێ خودا رۆژی قيامـەت بيخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆيەوە، با لەدونيادا مۆڵەتی قـەرزداری هـەژارو نەبوو بدا يان هەر قەرزەكەی لەسەر بكوژێنێتەوە.

دواخستنی قەرزدانەوە لەكاتی خۆی بۆ كەسێك دەوڵەمەند بێ ستەمە

لـە ئـەبو هـورەيرەوە ريوايـەتكراوە، دەڵـێ: پيغەمبـەر (درودی خـودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَطْلُ الْغَنِيِّ ظُلْـمٌ».[2] پاشـگوێ خـستنی دانـەوەی قـەرز لەكاتی خۆی بۆ كەسێك دەوڵەمەند بێ زوڵمو ستەمە.

دروستە دەوڵەمەندی قەرزدار بخرێتە بەندەوە ئەگەر بە ئەنقەست قەرزی نەدايەوە

لەعــەمری كــوڕی (الــشريد)ەوە لــە باوكييــەوە ريوايــەتكراوە، دەڵــێ: پيغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموويەتی: «لَيُّ الْوَاجِـدِ يُحِـلُّ عِرْضَـهُ وَعُقُوبَتَهُ».[3] دواخستنی دانەوەی قەرز لە لايەن دەوڵەمەندو هەبووەوە كارێك دەخوڵقێنـێ ڕەوايـە بـۆ خـاوەن قـەرز سـكاڵای لێ بكـاو داوا بكـا بەنـدی بكـەن، تەمبێ خواردوی بكەن.

---

[1] صحيح: (ص.جة/١٩٦٣)، جة(٢٤١٩/٨٠٨/٢).

[2] متفق عليه: خ(٢٤٠٠/٦١/٥)، م(١٥٦٤/١١٩٧/٣)، د(٣٣٢٩/١٩٥/٩)، ت(١٣٢٣/٣٨٦/٢)، ن(٣١٧/٧)، جة(٢٤٠٣/٨٠٣/٢).

[3] حسن: (ص.ن/٤٣٧٣)، ن(٣١٧/٧)، جة(٢٤٢٧/٨١١/٢)، د(٣٦١١/٥٦/١٠).

هەر قەرزێك سودو قازانج بێنێ دەبێتە ریبا

لە ئەبو بوردەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: هاتمە مەدینـە توشی عەبـدوڵڵای کوڕی سەلام بووم، وتی با بڕۆینەوە بۆ ماڵ میوانم بەو، بە ئەو جامەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئاوی تێدا خواردۆتەوە ئاوت دەدەمێ، لەو شوێنەش پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نوێژی لێ کردووە نوێژ بکە. منیش لەگەڵی ڕۆشتمەوە، شەربەتی شیرنی دامێ خواردمەوە، خورمای دەرخوارد دام، لەو شوێنەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نوێژی کردبوو نوێژم کرد، ئەمجار پێی گوتم: براله! ئەتۆ لەناوچەیەك دەژی سودو ریبای تێدا باوو بڵاوە، یەکێکیش لەجۆرەکانی ریبا ئەوەیە یەکێك لەئێوە ماڵێك لەیەکێك قەرز دەکا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، کە کاتی قەرزدانەوەکەی هات قەرزەکەی بۆ دەباتەوە بەچنەیەکیش دیاری بۆ دەبا دەخیلتم خۆبپارێزە لە وەرگرتنی ئەو بەچنە دیارییەو ئەوەی تێیدایە[1].

رەهن کردن (بارمتەدان)

رەهن لە زمانی عەرەبیدا بەمانا حەپسکردنە.

لە زاراوەی شەرعدا رەهن بریتیە لەوەی ماڵێك بکەی بە بارمتەی قەرز، بۆ ئەوەی ئەگەر قەرزدارەکە نەیتوانی قەرزەکە بداتەوە، خاوەن قەرز لەماڵە رەهنکراوەکە قەرزەکەی خۆی هەڵبگرێتەوە[2].

رەهن کارێکی ڕەوایە قورئان دەفەرموێ: {وَإِن كُنتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُواْ كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَّقْبُوضَةٌ – البقرة/٢٨٣}.

---

[1] صحيح: (الإرواء/٢٣٥)، خ(٣٤٢/٣٨١٤)، هق(٥/٣٤٩).

[2] بڕوانە فتح الباري ج٥/١٤٠ ومنار السبيل ج١/٣٥١.

قەید دارکردن بە دەستەواژەی سەفەرەوە لە ئایەتەکەدا لەبەر شێوەی زۆرینەو غالیبە، ئەگینا مەفهومی نیە، چونکە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەوە دەچەسپێنن: کە رەهنکردن لەغەیری سەفەریشدا هەر ڕەوایە، ئەگەر کابرا لەماڵەوەش بوو دەتوانێ رەهن بکا.

لە عائیشەوە (رەزای خودای لێ بێ) ریوایەتکراوە، دەڵێ: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) خواردنێکی لەکابرایەکی جولەکە کڕی بەقەرز بۆ ماوەیەکی دیاری کراو زرێیەکەی لادانا بە بارمتە[1].

سود وەرگرتن لەبارمتە لەلایەن خاوەن قەرزەوە

دروست نیە بۆ خاوەن قەرزی بارمتە لادانراو، سود لەبارمتە وەربگرێ، ئاماژە بەو دەقو نەصصانەی لەوەپێش رابوردن: کە پوختەکەیان ئەوەبوو: هەر قەرززێك سود راکێشێ بۆ خاوەن قەرز دەچێتە چوارچێوەی ریباوە، بەم جۆرە کابرایەك زەوییەك بکا بە بارمتە لای خاوەن قەرز ئەویش زەوییەکە بەکاربێنێ بۆ کشتوکاڵ، یان خانوێك بکا بەبارمتەو خاوەن قەرز تا قەرزەکەی وەردەگرێتەوە تێیدا نیشتەجێ بێ یان بیدا بەکرێ و کرێیەکە وەربگرێ، مەگەر بارمتەکە وڵاخی سواری بێ یان ئاژەڵی شیردەر بێ، ئەوە دروستە خاوەن قەرز سواری بێ، شیری بدۆشێ، باری پێ بکێشێ...... هتد. بەمەرجێك ئالف و خۆراکی بۆ دابین بکا.

لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «الظَّهْرُ يُرْكَبُ بِنَفَقَتِهِ إِذَا كَانَ مَرْهُوناً وَيُشْرَبُ لَبَنُ الدَّرِّ إِذَا كَانَ مَرْهُوناً وَعَلَى الَّذِي يَرْكَبُ وَيَشْرَبُ نَفَقَتُهُ».[2] وڵاخی سواری ئەگەر بارمتە

---

[1] متفق عليه: لەوەپێش تێپەڕی.

[2] صحيح: (ص.ج/٣٩٦٢)، خ(٥/١٤٣/٢٥١٢)، د(٩/٤٣٩/٣٥٠٩)، ت(٢/٣٦٢/١٣٧٢).

بوو لەجیاتی قەرز، خاوەن قەرز بۆی هەیە بەکاری بێنێ لەجیاتی بەخێوکردنەکەی، شیری ئاژەڵ دەخورێتەوە ئەگەر ئاژەڵەکە بارمتە بوو بەمەرجێ خاوەن قەرزی بارمتە لادانراو نەفەقەی ئاژەڵەکە بخاتە ئەستۆی خۆی.

حەواڵە (الحوالة)

حەواڵە لەزمانی عەرەبیدا بە مانا لادانە، گواستنەویە، لەزاراوەی شەرعزانەکاندا بریتییە لەگواستنەوەی قەرزێك لە نیمەی کەسێکەوە بۆ نیمەی کەسێکی تر، ئەگەر کەسێك قەرزێکی لابوو، ئەم قەرزدارەش بۆخۆی قەرزی لەسەر کابرایەکی تر هەبوو، دەتوانێ خاوەن قەرز حەواڵەی قەرزدارەکەی خۆی بکا، ئەگەر وای کرد پێویستە خاوەن قەرزی حەواڵەکراو رازی بێو ئەو حەواڵە کردنە قبوڵ بکا، بەمەرجێك کابرای حەواڵە بۆسەر کراو دەوڵەمەند بێ، چونکە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: (مطل الغنيّ ظلم، فاذا أُتبع أحدكم على مليّ فليتبع).[1] پاشگوێ خستنی قەرزدانەوە لەلایەن دەوڵەمەندەوە ستەمە، ئەگەر خاوەن قەرزێك لەئێوە حەواڵەکرا بۆ سەر دەوڵەمەندێکی قەرزداری قەرزدار، بارازی بێو داوای قەرزەکەی لەو بکا.

سپاردەو ماڵی ئەمانەت (الوديعة)

وەدیعە ماڵێکە بە ئەمانەت لەلای یەکێك دادەنرێ.

حوکمی وەدیعە: ئەگەر پیاوێك کاڵایەکی لەلای یەکێك دانا سوننەتە کابرا ئەو ماڵە وەدیعەیە لای خۆی گل بداتەوە، ئەگەر لەخۆی رادەدی: کە پارێزگاری ماڵەکەی بۆ دەکرێ، چونکە ئەمە دەچێتە بواری هاریکاری کردن

[1] متفق عليه: خ(٢٢٨٧/٤٦٤/٤)، م(١٥٦٤/١١٩٧/٣)، د(٣٣٢٩/١٩٥/٩).

لەسەر چاکەو چاکسازیو بەهانا هاتنی یەکتریەوە. هەرکاتێکیش کابرای خاوەن ماڵ داوای ماڵەکەی کردەوە پێویستە بابای ماڵ لەلا دانراو بەبێ چەندو چوون ماڵەکە رادەستی خاوەن ماڵ بکاتەوە. چونکە خودا دەفەرموێ: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا – النساء/٥٨} پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکا کەسپاردەکان بدەنەوە بەخاوەنەکانیان. یان دەفەرموێ: {فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ – البقرة/٢٨٣}.

پیغەمبەریش (درودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ: «أَدِّ الأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ».[1] سپاردەکە بگێڕەوە بۆلای ئەو کەسەی بە ئەمینو دەستپاکی داناوی. ئەو کەسەی سپاردەی لا دادەنرێ، زامنو بەرعودەی نەفەوتانی ماڵەکە نابێ، مەگەر کەمتەرخەمی بنوێنێو زێدەڕەوی بکا لە بێ موبالاتیدا.

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکییەوە لە باپیریەوە ریوایەتی کردووە دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ أُودِعَ وَدِيعَةً فَلاَ ضَمَانَ عَلَيْهِ».[2] کەسێك سپاردەیەکی لادانرا زامنو بەرعودەیی لەسەر نابێ.

هەر لەوەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لاَ ضَمَانَ عَلَى مُؤْتَمَنٍ».[3] بەرعۆدە بوونو زەمان لەسەر ئەو کەسە نیە کە بەئەمین زانراوەو سپاردەی لەلا دانراوە.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتکراوە، کە عومەری کوڕی خەتتاب بڕیاری بەسەردا داوە بە بژاردنی سپاردەیەکی دزراو کە لەلای دانرابوو.

---

[1] صحيح: (ص.ج/٢٤٠)، ت(٢/٣٦٨/١٢٨٢)، د(٩/٤٥٠/٣٥١٨).

[2] حسن: (ص.جة/١٩٤٥)، (الإرواء/١٥٤٧)، جة(٢/٨٠٢/٢٤٠١).

[3] حسن (ص.ج/٧٥١٨)، قط(٣/٤١/١٦٧)، هق(٦/٢٨٩).

بەیهەقی دەڵێ: لەوانەیە ئەنەس کەمتەرخەمی کردبێ لە پارێزگاری کردنیدا، بەهۆی کەمتەرخەمیەکەیەوە ماڵە وەدیعە دزراوەکەی پێ بژاردووە.

ماڵی خوازراو (العارية)

شەرعزانەکان پێناسەی (عاریە)یان بەوە کردووە، کە بریتییە لەپێدانی ماڵێك، ئامێرێك لەلایەن خاوەنەکەیەوە بدرێ بە یەکێکی تر بۆ ئەوەی سودی لێ وەربگرێ بەبێ بەرامبەر.

ئەم جۆرە دەستگیرۆدەییە سوننەتەو شەرع پەسەندی دەکا، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى – المائدة/٢}. هاریکاری یەکتری بکەن لەچاکەو تەقواو خوداپەرستیدا.

هەروا پیغەمبەر دەفەرموێ: «وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ».[1] پەروەردگار یارمەتی بەندەی خۆی دەدا هەتا ئەو بەندە هاریکاری برای موسوڵمانی بێ.

لەلایەکی ترەوە پەروەردگار سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە، کە ئامێرو کەرەسەی خۆیان رادەستی ئەوانە ناکەن کە داخوازییان لێ دەکەن و بەدەم داخوازی ئاتاجانەوە ناچن. دەفەرموێ: {الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ. الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ. وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ – الماعون/٥ – ٦ – ٧}

لە عەبدوڵلاوە ریوایەتکراوە، فەرموویەتی: ئێمە لەسەردەمی پیغەمبەری خودادا دۆڵچەی ئاوهەڵکێشان و مەنجەڵ و دیزەی کێشت لێنانمان بەماعون دادەناو لە یەکترمان مەنع نەدەکرد.

پێویستە ئەو ئامێرو حاجەتە خوازراوە کە کارەکەی پێ جێبەجێ کرا بگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، چونکە حوکمی ئەمانەت و سپاردەیی هەیەو

---

[1] صحيح: (ص.ج/٦٥٧٧)، خ(٤/٣٨/٢٠٧٤)، حم(٢/٤٠٧)، ت(٥/٢٨/٢٦٤٦)، جة(١/٨٢/٢٢٥).

ئەمانەتیش دەبێ بدرێتەوە بەخاوەنی خۆی... قورئان دەفەرموێ: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا – النساء/٥٨}. پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکا کە سپاردەکان بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

بابای حاجەتخوازو ئامێر پێ دراو، زەمان‌و بەرعۆدە بوونی لەئەستۆ نیە، مەگەر کەمتەرخەم‌و بێ موبالات بێ، یان خاوەن ئامێر بیکاتە مەرج بەسەریەوە کە دەبێ ئەرکی پاراستنی ماعونەکە هەڵبگرێ‌و ئەویش قبوڵی بکا.

لە صەفوانی کوڕی یەعلاوە ئەویش لەباوکییەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پێی فەرمووم هەرکاتێ نوێنەرو نێردراوی من هاتەلات سی زرێ‌و سی حوشتری بدەرێ. دەڵێ: منیش وتم: ئەی پیغەمبەری خودا! ئەم شتانەم لێ دەخوازی بەشێوەی عاریەی زەمان‌و بەرعۆدەبوونە‌و بەبێ کەم‌وکوڕی بۆم دەگێڕیەوە یان خوازراوی بێ زەمانەتە؟ فەرمووی: نا ئەرکی زەمانەتی ئەو ئامێرانە ناخەمە ئەستۆی خۆم[1].

ماڵی دۆزراوە (اللقطة)

لوقطە: ماڵی هەڵگیراوەو دۆزراوە: بریتییە لەماڵێك نرخدار بێ موعەرەض بێ بۆ تێداچوون‌و فەوتان‌و خاوەنی نەزاندرێ، بەزۆری بە ماڵ‌و سامانێك دەگوترێ: کە گیانلەبەر نەبێ ئەگەر ماڵە دزراوەکە حەیوان بوو پێی دەگوترێ (ضالة) گومبوو.

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە ماڵێك دەدۆزێتەوە بزانێ جنسی ئەو ماڵە چیە، ژمارەی چەندە، ئەمجار پیاوێکی عادڵ بکا بەشایەت، ئەمجار هەڵی بگرێتەوەو پارێزگاری بکاو تا ساڵێك جاڕی بۆ بدا کەوا ماڵێکی دۆزیوەتەوە،

---

[1] صحیح: (ص.د/٣٠٤٥)، (الصحیحة/٦٣٠)، د(٩/٤٧٩/٣٥٤٩).

جا ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو نیشانەکانی روونکردەوە دەبێ ڕادەستی بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر دوای ساڵێکیش بێ، خۆ ئەگەر خاوەنی پەیدا نەبوو دەتوانێ سودی لێ وەربگرێ.

لە سوومیدەی کوڕی غەفەلەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: توشی ئوبەی کوڕی کەعب بووم پێی گوتم کیسەیەکم دۆزییەوە سەد دیناری تێدا بوو، چوومە خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: تا یەك ساڵ تەواو دەبێ جاڕی بۆ بدە، ساڵێکی ڕەبەق من جاڕم بۆدا، کەس نەی گوت هی منەو خۆی نەکرد بەخاوەنی، ئەمجار کیسە پارەکەم هێنایەوە بۆ خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: تا ساڵێکی تر تێوە دەسوڕێتەوە جاڕی بۆ بدە، دیسانەوە جاڕم بۆ دایەوە کەسم دەست نەکەوت خۆی بکا بەخاوەنی، دیسانەوە هێنامەوە بۆ خزمەت پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئاخۆ چی لێ بکەم، فەرمووی: جۆرو شێوەی کیسەکەو ژمارەی ماڵەکەو ئەو بەنەی کەپێی بەستراوە، ئەمانە بپارێزە، ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو، بیدەرەوە ئەگینا بۆخۆت سودی لێ ببینە، منیش جاڕم بۆ دا خاوەنی بۆ پەیدا نەبوو، ئیتر بەکارم هێنا، سوومید دەڵێ: پاشان لەمەککە توشی ئوبەی بووم لەم بارەوە لێم پرسییەوە، وتی: نازانم سێ ساڵ بوو یان یەك ساڵ بوو.[1]

لە عییاضی کوڕی حیمارەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «مَنْ وَجَدَ لُقَطَةً فَلْيُشْهِدْ ذَا عَدْلٍ – أَوْ ذَوَىْ عَدْلٍ – وَلاَ يَكْتُمْ وَلاَ يُغَيِّبْ فَإِنْ وَجَدَ صَاحِبَهَا فَلْيَرُدَّهَا عَلَيْهِ وَإِلاَّ فَهُوَ مَالُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ

---

[1] متفق عليه: خ(٥/٧٨/٢٤٢٦)، م(٣/١٣٥٠/١٧٢٣)، ت(٢/٤١٤/١٣٨٦)، جة(٢/٨٣٣/٢٥٠٦)، د(٥/١١٨/١٦٨٥).

يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ». [1] کەسێك ماڵێكی کەوتووی دۆزیەوە با پیاوێكی عادڵ یان دوو کەسی عادڵ بكا بەشایەت هیچ دەستكاری نەكاو نەیشارێتەوە، جا ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو ئەوە بیداتەوە، چونكە ئەوە ماڵی خۆیەتیو حەقی خۆیەتی وەری بگرێتەوە، ئەگەر خاوەنی پەیدا نەبوو ئەوە ڕزقێكە خودا بۆی ڕەخساندووە.

دۆزینەوەی مەڕو بزنو حوشتری گومبوو

کەسێك مەڕو بزنی دۆزیەوە دەیانگێڕێتەوە لای خۆیو جاڕیان بۆ دەدا ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو باشە، ئەگینا دەیكاتە موڵكی خۆی، تەصەروفی تێدا دەكا، ئەگەر حوشتری دۆزیەوە نابێ بیگێڕێتەوە چونكە حوشتر بۆخۆی خۆی دەژێنێو ترسی تێداچوونی لێ ناكرێ.

لە زەیدی كوڕی خالیدی (الجهنی)یەوە ریوایەتكراوە، دەڵێ: عەرەبێكی دەشتەكی هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) پرسیاری شتی دۆزراوەی لێ كرد، فەرمووی: «عَرِّفْهَا سَنَةً ، ثُمَّ احْفَظْ عِفَاصَهَا وَوِكَاءَهَا ، فَإِنْ جَاءَ أَحَدٌ يُخْبِرُكَ بِهَا ، وَإِلاَّ فَاسْتَنْفِقْهَا». بۆ ماوەی ساڵێكی تەواو جاڕی بۆ بدە، پاشان كیسەكەیو بەنی بەستنی كیسەكە بزانە چۆنەو چیە ئەگەر خاوەنی بۆ پەیدا بوو، وتی: من خاوەنی ئەو ماڵە دۆزراوەم ئەوە بیدەرەوە، ئەگینا بۆخۆت بەكاری بێنەو خەرجی بكە، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەی مەڕو بزنی دۆزراوە حوكمەكەیان چۆنە؟ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرمووی: «لَكَ أَوْ لأَخِيكَ أَوْ لِلذِّئْبِ». ئەوە یان ماڵی تۆیە یان هی براكەتە، یان خۆراكی گورگە. كابرا گوتی: ئەدی حوشتری گومبوو؟ ئیدی ڕوخساری پێغەمبەر گۆڕاو فەرمووی: تۆ حەقی حوشترت چیە؟ ئەو بۆخۆی بێ ئاتاجە

---

[1] صحيح: (ص.جة/٢٠٣٢)، جة(٢/٨٣٧/٢٥٠٥)، د(٥/١٣١/١٦٩٣).

لەبەخێوکردن، سمو خوفی خۆیو ئاوی ئیحتیاتی خۆی پێیە، بۆخۆی دەلەوەڕێو دەچێتە سەرئاو ئاودەخواتەوە، ملی درێژە دەتوانێ گەڵای بەرزی درەختو شتی وا داپاچێ.[1]

حوکمی خواردەمەنی دۆزراوە یان شتی کەمنرخی دۆزراوە

کەسێك لەڕێگەدا خواردنێکی دۆزییەوە دەتوانێ بیخوا، ئەگەر شتێکی کەمنرخی دۆزییەوە دەتوانێ هەڵی بگرێو بیکاتە موڵکی خۆی.

لە ئەنەسەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەکاتی ڕۆیشتنی بەڕێگادا دەنکە خورمایەکی کەوتووی چاو پێکەوت فەرمووی: ئەگەر لەترسی ئەوە نەبوایە کە ئەم خورمایە لەماڵی زەکات بێ، دەمخوارد «لَوْلاَ أَنِّي أَخَافُ أَنْ تَكُونَ مِنَ الصَّدَقَةِ لأَكَلْتُهَا».[2]

دۆزراوەی ناوبەستی مەککە (لقطه الحرم)

دروست نیە ماڵی کەوتوو لەداخلی ئەرزی حەرەمدا هەڵبگیرێتەوە، مەگەر بەمەبەستی جارِدانو بانگ بۆ هەڵدان، دوای ساڵێکیش جارِدان بۆی دروست نییە تەملیك بکرێ.

لە ئیبنو عەبباسەوە (رەزای خودا لەخۆیو لەباوکی بێ) ریوایەتکراوە، کە پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) فەرموویەتی: «إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ مَكَّةَ ، فَلَمْ تَحِلَّ لأَحَدٍ قَبْلِي ، وَلاَ تَحِلُّ لأَحَدٍ بَعْدِي ، وَإِنَّمَا أُحِلَّتْ لِي سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ ، لاَ يُخْتَلَى خَلاَهَا ، وَلاَ يُعْضَدُ شَجَرُهَا ، وَلاَ يُنَفَّرُ صَيْدُهَا ، وَلاَ تُلْتَقَطُ لُقَطَتُهَا إِلاَّ

[1] متفق عليه: خ(٥/٨٠/٢٤٢٧)، م(٣/١٣٤٨/٢/١٧٢٢)، ت(٢/٤١٥/١٣٧٨)، جة(٢/٨٣٦/٢٥٠٤)، د(٥/١٢٣/١٦٨٨).

[2] متفق عليه: خ(٥/٨٦/٢٤٣١)، م(٢/٧٥٢/١٠٧١)، د(٥/٧٠/١٦٣٦).

لِمُعَــرِّفٍ».[1] بێگومــان پــەروەردگار ڕێزێكــی تایبــەتی داوە بــە مەككــەو دەوروبــەری زەوییەكـەی كـردووە بـە بەسـتو حـەرەم، نـە لـەپێش منـداو نـە لەدوای من بۆ كەس حەڵاڵ نەبووەو حەڵاڵ نابێ شەڕو جەنگ لەمەككەدا بكا، تـەنیا سـەعاتێك لـە ڕۆژدا ڕێگـە بـەمن دراوە شـەڕی تێـدا بكـەم، كـە لـەڕۆژی ڕزگـارركردنی مەككـەدا بـوو، گیاوگـژی تـەڕی نادورێتـەوە درەختـی نـابڕدرێ، ئاژەڵی كێوی‌و باڵندەی تەرە ناكرێ‌و نـاڕەتێنـدرێ مـاڵی گومبـووی كـە یـەكێك دۆزییــەوە هــەڵی ناگرێتــەوە مەگــەر بەمەبەسـتی جـاڕدان بـۆی، بـۆ ئـەوەی خاوەنی پەیدا ببێ‌و بیداتەوە.

زارۆكی فڕێدراو (منداڵی هەڵگیراوە)

زارۆكـی فڕێـدراو: ئــەو منداڵــە نەباڵغەیــە كــە لــەكۆڵانو ســەرجادەدا دەدۆزرێتەوەو هەڵدەگیرێتەوە، یان منداڵێكە ڕێگەی لێ گومبووە خاوەنی خۆی نادۆزێتەوەو كەس خۆی ناكا بەخاوەنی، نازاندرێ باوك‌و دایكی كێن؟

هەڵگرتنەوەی ئەم جۆرە منداڵانە فـەرزی كیفایەیـە ئەگـەر یـەكێك پێـی هەڵسا ئەوە ئەركەكە لەسەر ئەوانی تر لەدانیشتوانی شارو دەقەرەكە لادەچێ، چونكە پەروەردگار دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى – المائدة/٢}.

منداڵی دۆزراوەی لەو جۆرە ئەگـەر لـەوڵاتی ئیـسلامدا بـوو ئـەوە حـوكم دەكـرێ بەموسـوڵمانی‌و بـە ئـازادیی ئـەو زارۆكـە، چـونكە ئەصـڵ‌و بنـەما لـە ئادەمیزاددا ئازادییـە نـەك كۆیلـەیی. ئەگـەر لەتـەك ئـەو منداڵـە هـەڵگیراوەدا ماڵ‌و سامانێك هەبوو، ئەوە لـەو مـاڵ‌و سامانە نەفەقـەو بـژێوی ئـەو منداڵـە دابین دەكرێ، ئەگینا بژێوی لەسەر بەیتولماله.

---

[1] صحيح: (ص.ج/١٧٥١)، (الإرواء/١٠٥٧)، خ(١٨٣٣/٤٦/٤).

سونەینی ئەبو جەمیلە – پیاوێکە لەهۆزی بەنو سەلەیم – دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: منداڵـە فڕێـدراوێکم دۆزییـەوە، هێنامـە لای خەلیفـە عومـەر (ڕەزای خودای لێ بێ) عورەیفێ وتی: ئەی فـەرمانڕەوای موسـوڵمانان! بێگومـان ئـەوە پیـاوێکی صـاڵحە، حـەززرەتی عومـەر فـەرمووی: ئایـا وایـە؟ وتـی: بـەڵێ. فەرمووی: دەبیبە بۆخۆت، ئەوە حوڕو ئازادە وەلائەکەی بـۆ تۆیـەو بژێویـشی لەسەر ئێمەیە.

میراتی مرۆڤی دۆزراوەو هەڵگیراوە

ئەگەر ئەو منداڵە فڕێدراوە هەڵگیراوە مـردو کەلـەپوری لـەدوا بـەجێماو میراتگری لەدوای خۆی بەجێ نەهێشت، کەلەپورەکـەی بـۆ بەیتولمالـە، هـەروا ئەگــەر کــوژراو بکوژەکــەی خــوێنی کەوتــە ســەر، بــەیتولمال خوێنەکــەی وەردەگرێ.

ئەگەر یەکێك – نێر یان مێینە - ئیـدیعای ئـەوەی کـرد کـە ئـەو منداڵـە فڕێدراوە هەڵگیراوە لە ڕەچەڵەکی ئەوەو ئەوە وەچەو نـەوەی ئـەوە قـسەکەی وەردەگیرێ بەمەرجێك بوونی ئەو منداڵە لە ئەو گونجاو بێ، ئەگەر دووکـەس یـان زیـاتر ئیـدیعای خاوەنیـەتی خۆیـان بـۆ ئـەو منداڵـە کـرد، کێیـان تـوانی بەڵگەو شایەت لەسەر داواکەی ڕاست بکاتەوە دەدرێ بـە ئـەو، ئەگـەر هیـچیان شایەتیان نەبوو، ئـەوە منداڵەکە نیـشانی (قـائف) سـەرناس دەدرێ، پـەنا بـۆ ئـەوە دەبـرێ کـە منداڵەکـە نیـشانی ئـەو قائیفانـە بـدرێ کـە: بـەتێفکرینو وردبوونــەوە لەشــێوەو شــکڵی منداڵەکــەو دەعواچــیەکە، دیــاری کردنــی ڕەچەڵەکی دەکرێ حوکمی قائیفەکە جێبەجێ دەکرێو دەکرێتە منداڵی ئەو.

لـە خـاتو عائیـشەوە (ڕەزای خـودای لێ بـێ) ڕیوایـەتکراوە، دەفـەرموێ: پیغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) هاتە ژورەکەی منو ڕوی گوشادو کەیف خۆش بوو ڕوخساری گەشابووەوە، فەرمووی: «أَلَمْ تَرَىْ أَنَّ مُجَزِّزًا الْمُدْلِجِيَّ دَخَلَ

فَرَأَى أُسَامَةَ وَزَيْدًا وَعَلَيْهِمَا قَطِيفَةٌ ، قَدْ غَطَّيَا رُءُوسَهُمَا وَبَدَتْ أَقْدَامُهُمَا ، فَقَالَ إِنَّ هَذِهِ الأَقْدَامَ بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ». [1] ئەوە نازانی کە موجەززەی ئەلمود لەجێ ماوەیەك بەر لەئێستا سەیری قاچی زەیدو ئوسامەی کرد، سەرو جەستەی خۆیان داپۆشیبوو تەنها قاچیان بەدەرەوە بوون، وتی: ئەم قاچانە هەندێکیان لەهەندێکیانن‌و نژادو ڕەچەڵەکیان یەکە.

ئەگەر قائیفەکە (سەرناسەکە) وای ڕاگەیاند کە ئەو منداڵە هی دوو کەسە منداڵەکە دەبێتە منداڵی هەردووکیان.

لە سولەیمانی کوڕی یەسارەوە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ریوایەتکراوە، دەڵێ: ئافرەتێك لەکاتی (پاکی)دا دوو پیاو چوو بوونە لای، دوایی منداڵێکی بوو، نیشانی سەرناسیان دا، وتی: لەهەردوکیانە. هەردوو پیاوەکە تێیدا هاوبەشن. ئیتر خەلیفە عومەر کردی بەمنداڵی هەردووکیان.

[1] متفق علیه: خ(٦٧٧١/٥٦/٢)، م(١٤٥٩/١٠٨١/٢)، د(٢٢٥٠/٣٥٧/٦)، ت(٢٢١٢/٢٩٨/٣).

سەرە بابەتەکانی کتێب

سەرە بابەتەکانی کتێب